گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/5vseet18
ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 11/01/2025
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 22/04/2025
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: 29/10/2025

# نیشتیمانی ڕەسەنی هیندۆئەورووپییەکان (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوییە)

شۆخان عبداللە شێخ خدر[١] عماد عبدالقادر محمد سعید[٢]
imadabid73@uor.edu.krd shoxxaan@gmail.com
[١+٢] بەشی مێژو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**
نیشتیمانی ڕەسەنی هیندۆئەورووپییەکان، یەکێکە لە پرسە مێژوویی و زمانەوانییە گرنگەکان، کە مشتومڕو و ئاڵۆزییەکی گەورەی لەنێوان مێژونوس و شوێنەوارناسان و تەنانەت زمانناسانیشدا دروستکردوە، ئەمەش بەهۆی جۆراوجۆری بەڵگەکان و کەموکورتی تێیاندا، گەلانی هیندۆئەورووپی لەڕێگەی زمانەوانییەوە دەناسرێنەوە، هەر بەم هۆیەشەوە بەناوی جۆراوجۆرەوە ناونراون، سەرەتای دەرکەوتن و بڵاوبونەوەیان لە جیهانی کۆندا و کۆچکردنیان بەرەو ناوەندە شارستانییە کۆنەکان یەکێکیترە لە بابەتە گرنگ و کاریگەرەکان، کە ڕێکۆچی جۆراوجۆریان گرتۆتەبەر توانیویانە ڕۆڵ و کاریگەری بەرچاو بگێڕن لە پێشهاتە سیاسی و شارستانییەتەکانی ئەم ناوچانەی کە ڕویان تێکردوەو چەندین شانشین و ئیمپراتۆرییەتی گەورەیان دامەزراند، بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی نزیکی کۆن کە لە نیوەی دووەمی هەزارەی دووەمی پ.ز تا کۆتایی هەزارەی یەکەمی پ.ز بەردەوامبون. هەروەها پرسی نیشتیمانی ڕەسەنی هیندۆئەورووپی زۆر دەمێکە جێگەی هەڵوێستە و مشتومڕی توێژەرانە، کەکردونی بە چەند تەرەفێکی جیاوازەوە، هەر ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە چەندین ناوچە لە کیشوەری ئاسیا و ئەورووپادا وەک نیشتیمانێک بۆ ئەم گەل و هۆزانە دەستنیشانبکرێت، وەک: (هیندستان، ئاسیای ناوەڕاست، ئەنادۆڵ، قەفقاس، باکوری ئەورووپا، ئەورووپای ناوەڕاست، باشوری خۆرهەڵاتی ئەورووپا، باشوری ڕوسیا) ئەمەش بە هۆی ئەوەوەیە کە تا ئێستا نەتوانراوە نیشتیمانێکی چەسپاو و دیاریکراو بۆ ئەم گەل و هۆزانە بەتەواوی یەکلاییبکرێتەوە. توێژینەوەکە بە ناونیشانی (نیشتیمانی ڕەسەنی هیندۆئەورووپییەکان توێژینەوەیەکی مێژوییە) پێکهاتوە لە دو تەوەرەی سەرەکی: (تەوەرەی یەکەم: ناو و دەرکەوتنی هیندۆئەورووپییەکان لەمێژودا، تەوەرەی دووەم: نیشتیمانی ڕەسەنی هیندۆئەورووپییەکان).

**کلیلە وشە:** هیندۆئەورووپی، دەرکەوتن، نیشتیمانی ڕەسەن، ئاریا

# The Native Homeland of The Indo-Europeans: A Historical Study

**Shokhan Abdalla Sekh Khdir[1] - Imad Abdulqadir Mohammed Said[2]**

[1+2] Department of history, College of Human Sciences, University of Raparin, Ranya, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract:**

The homeland of the Indo-Europeans remains one of the most significant and debated topics in historical and linguistic studies, sparking widespread controversy among historians, archeologists, and linguistics due to the variety of evidence and its limitations. Identified primarily through linguistic studies, the Indo-Europeans have been referred to by various names, and their origins, migrations and eventual spread across ancient civilizations have greatly influenced the political and cultural developments of these regions. They played a pivotal role in shaping the ancient world, establishing influential kingdoms and empires, particularly in the ancient Near East, where their presence spanned from the second millennium BCE to the end of the first millennium BCE. The question of their original homeland has long been a subject of scholarly debate, dividing researchers into various schools of thought. Consequently, multiple regions in Asia and Europe, including India, Central Asia, Anatolia, the Caucasus, Northern Europe, Central Europe, Southeastern Europe, and Southern Russia, have been proposed as their homeland. However, a definitive and universally accepted homeland for the Indo-Europeans has yet to be determined. This study, titled 'The Homeland of Indo-Europeans: a Historical Study', is divided into two main parts: (1) the term and appearance of Indo-Europeans in History, and (2) The homeland of the Indo-Europeans.

**Keywords:** Indo-European, Appearance, Homeland, Arya

## پێشەکی

ئەم لێکۆڵینەوەیە تایبەتە بە دەرکەوتن و نیشتیمانی ڕەسەنی هیندۆئەوروپییەکان، کە بریتین لە گەورەترین خێزانی زمانەوانی، ئەمڕۆ پاشماوەکەیان لە بەشێکی گەورەی جیهاندا قسەی پێدەکرێت، هەروەها ڕۆڵێکی بەرچاویان گێڕا لە ڕۆژهەڵاتی نزیکی کۆندا بە تایبەت لە ئێران و وڵاتی دوڕوبار و کوردستان و شام و ئەنادۆڵدا، لە ناوەڕاستی هەزارەی دوەمی پ.ز تا کۆتایی هەزارەی یەکەمی پ.ز لەڕوی سیاسی و شارستانیەوە، ئەم توێژتنەوەیە پشتدەبەستێت بە کۆمەڵێک سەرچاوەی ئینگلیزی و فارسی و عەرەبی و زمانەکانیتر کە سەرچاوەی تایبەت بە هیندۆئەوروپین هەروەها کۆمەڵێك سەرچاوەی گشتی، لەهەمانکاتدا بەکارهێنانی توێژینەوە هاوچەرخەکان کە لەبوارەکەدا ئەنجام دراون.

**ئامانج و گرنگی توێژینەوەکە:** ئامانج لەم توێژینەوەیە خستنەڕوی ئەو بیرو بۆچون و بەڵگە شوێنەواری و زمانەوانیانەیە کە دەربارەی ناو و ڕەگەز و نیشتیمانی ڕەسەنی هیندۆئەوروپییەکان خراونەتەڕو، هەروەها هەڵسەنگاندن و هەڵوێستە لەسەرکردنیانە بە ئامانجی دیاریکردنی خاک و نیشتیمانی ڕەسەنی ئەم گەلانە، کە لەماوەی دو سەدەی ڕابردوەوە بۆتە

جێگەی بایەخ و گرنگی پێدانی توێژەران، ئەمەش بەهۆی ئەو ڕۆڵە گەورەیانەوەیە کە لە زمان و مێژو و شارستانییەتدا گێڕاویانە بەتایبەتی لە نیوەی دوەمی هەزارەی دوەمی پ.زەوە کە توانیان چەندین شانشینی گەورە و بەهێز دابمەزرێنن بەجۆرێک کە هەژمونی خۆیان بەسەر جیهانی کۆندا سەپاند.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** توێژینەوەیەکی مێژوییە، بۆ بەئەنجامگەیاندنی توێژینەوەکەمان لە گواستنەوەی زانیارییەکاندا پشتمان بەستوەبە میتۆدی گواستنەوەی زانیارییەکان، هەندێک جاریش میتۆدی شیکاری بەکارهێنراوە بۆ شیکردنەوەو و ڕونکردنەوەی بۆچونەکان.

**بەربەستەکانی بەردەم توێژینەوەکە:** نوسینی توێژینەوەیەکی وەها کە لایەنەکانی مێژویی، جوگرافی و زمانەوانی لەخۆبگرێت، هەروەها دەربارەی پرسێکی یەکلایی نەکراوەی وەک نیشتیمانی ڕەسەنی هیندۆئەوروپییەکان، بەبێ گومان توشی سەختی و ئاستەنگی دەبینەوە، بەتایبەت لە دژییەکی بەڵگە و سەرچاوەکاندا.

**بەگشتی توێژینەوەکە جگە لە پوختە و پێشەکی و دەستپێک و دەرئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، لە دو تەوەرەی سەرەکی پێکهاتوە کە بەمشێوەی خوارە ڕێکخراون:**

تەوەرەی یەکەم: ناو و دەرکەوتنی هیندۆئەوروپییەکان لەمێژودا، ئەم تەوەرەیە دابەشدەبێتە سەر سێ خاڵی سەرەکی کە تیشکدەخاتە سەر ئەم ناوانەی کە بۆ ناونانی ئەم هۆز و گەلانە بەکارهاتوە و هۆکار و مانای ناوەکان ڕوندەکاتەوە، هەروەها خاڵی دوەم تایبەتە بە سەرەتاکانی دەرکەوتنی توێژینەوە لە هیندۆئەوروپییەکان، ئەو زانایانە دەناسێنێت کە لەو بوارەدا کاریان کردوە، خاڵی سێیەم و کۆتایی باسێکە دەربارەی سەرەتای دەرکەوتن و دابەشبونی هۆزەکانی هیندۆئەوروپی.

تەوەرەی دوەم: نیشتیمانی ڕەسەنی هیندۆئەوروپییەکان: ئەم تەوەرەیەش دابەشدەبێتە سەر سێ خاڵی سەرەکی لە سەرەتا و خاڵی یەکەمدا ئەو خاکانە دەناسێنێت کە دەکەونە کیشوەری ئاسیا و وەک نیشتیمانێکی ڕەسەن بۆ هیندۆئەوروپی دادەنرێن، خاڵی دوەم تایبەتە بە نیشتیمانێک لە ئەوروپادا بۆ گەلانی هیندۆئەوروپی، گریمانەکان بۆ بونی نیشتیمانێکی هیندۆئەوروپی لەم خاکەدا دەخاتە بەر باس، خاڵی سێیەم و کۆتایی کۆباسێکە دەربارەی باشوری ڕوسیا و ئەو کلتورانەی کە تێدا سەریهەڵداوە وەک بنچینە و نیشتیمانی ڕەسەنی هیندۆئەوروپییەکان.

## تەوەرەی یەکەم: ناو و دەرکەوتنی هیندۆئەوروپییەکان لە مێژودا


### ١- ناویان

گەل یاخود هۆزەکانی هیندۆئەوروپی بریتیبون لە کۆمەڵێک هۆز کە دەگەڕێندرێنەوە سەر باپیرەیەکی هاوبەشی زمان، سەبارەت بە ناونانیان بە زیاتر لە ناوێکەوە ناونراون، هەر کامێکیش لەم ناوانە هۆکارێکی هەیە کە هەوڵدەدەین لێرەدا ڕونی بکەینەوە.

(Proto- Indo-European) واتا هیندۆئەوروپی سەرەتایی، ئەم ناوە بەکاردەهێندرێت بۆ کات و قۆناغێک کە هیندۆئەوروپییەکان هیچ دابەشبونێک لەنێوانیاندا ڕوینەداوە و هەمویان بە یەک زمان دواون (Mallory, 1989, 7,23)

(Indo-European)هیندۆئەوروپی یەکێکیترە لەناوەکانیان کە ناوێکی زمانەوانی جوگرافییە، پەیوەستە بە خودی وشەکەوە ئەمەش بەو گەلانە دەگوترێت کە لە هیندستان تا ئەوروپا (کاشانی، ١٣٨٤، ٦) و زەریای ئەتڵەسیدا بڵاوبونەتەوە (Mallory, 1989, 23)، بەشێوەیەکی گشتی لەئێستادا (دوازدە) بۆ (دە) خێزانی زمانەوانی وەک پاشماوەی هیندۆئەوروپی هەژماردەکرێن کە پێکدێن لە (ئەنادۆڵ، هیندۆ ئێرانی، یۆنانی، ئیتاڵی، ئەڵمانی ئەرمەنی، تۆچاریان، سڵتیک، سلاڤی، ئەلبانی)، کە هەریەک لە لقەکانی ئەنادۆڵ تۆچاریان لە ئێستادا لەناوچون و نەماون (Cowgill, 1974-1975,

(431، هەرچی لقەکانیترە هەریەکەیان کۆمەڵێک زمان دەگرێتە خۆی وەک لەم هێڵکارییەی پەرەسەندنی زمانەکانی هیندۆئەوروپیدا دیارە.




هێڵکاری ژمارە (١)، هێڵکاری درەختی پەرەسەندنی زمانەکان، پەرەسەندنی زمانی هیندۆ ئەوروپی سەرەتایی(Anthony, 2007, 14)

(Indo-Iranian) هیندۆ ئێرانی یەکێکیترە لەو ناوانەی بۆ ئەو گەلانە بەکاردەهێنرێت بە لقی ڕۆژهەڵاتی هیندۆئەوروپی دەناسرێن، ئەمەش پاش جیابونەوەیان لە خێزانی گەورەی هیندۆئەوروپی و لەڕێگەی ڕۆژهەڵاتی دەریای قەزوین (خەزەر)ەوە هاتونەتە بانی ئێران (گیرشمەن، ٢٠١٣، ٧٨)

زاراوەی (Indo- Aryan) هیندۆ ئارییەکان (Carona, 1974-1975, 439) یاخود (Aryan) ئارییەکان، گەلانی ئاریایی، وشەی ئاریا بەمانای بەڕێز یاخود خانەدان دێت (ایزدی، ١٣٨٦ ٥١)، زاراوەی ئاریا بۆ ئەو تیرە هیندۆئەورووپیانە بەکاردەهێنرێت کە سەربە لقی ڕۆژهەڵاتی هیندۆئەوروپین، بەشێکیان چونەتە هیندستان، بەشەکەی تریان ڕویان لە بانی ئێران و کوردستان کرد، لقێکی تریشیان چونەتە ئاسیای ناوەڕاست (پیرنیا، ١٣٨٣، ٢٤).

(Indo-Germanic) هیندۆ ئەڵمانی یان هیندۆ جێرمانی، ئەم ناوە لە ئەڵمانیدا بە (Indo-Germanisch)، ناودەبرێت (Cowgill, 1974-1975, 431) تا ڕاددەیەک ڕەگەزپەرستی پێوەدیارە کە ڕۆژهەڵاتناسە ئەڵمانییەکان برەویان پێداوە، لەسەر بنەمای ڕەگەزی سپی ئاریایی، کە هەموگەلانی جیهان لە ئەڵمانییەکانەوە سەرچاوەیانگرتوە (Renfrew, 1989, 108.)، بە هەمانشێوە زاراوەی (ئاریا) لە نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردودا لەلایەن نازییەکانی ئەڵمانیا ڕەنگێکی ڕەگەز پەرستی بەبەردا کرا، بە بیانوی ڕەگەزی ئاریایی سپی پێستی باڵا، ملیۆنان کەسیان کۆمەڵکوژکرد (رحمان، ٢٠١٩، ٣٠).

ئەگەرچی هەمو ئەم زاراوانە بەکاردەهێنرێن، بەڵام توێژەران لەم توێژینەوەیەدا زاراوەی هیندۆئەوروپی بەکاردەهێنن، چونکە ئەمە گشتگیرترە لە زاراوەکانی تر، بەهۆی ئەوەی زاراوەی هیندۆ ئێرانی تەنها بۆ لقی خۆرهەڵاتی ئەم گەلانە بەکاردەهێنریت،کە بە هیندۆئەوروپی ناسراون، هەرچی هیندۆ ئاری، یان ئارییایەکەنە دەستەواژەیەکە لەڕوی جوگرافیاوە بچوکترە لە هیندۆ ئێرانی و چەند لقیک لە لقی گەورەی خۆرهەڵاتی هیندۆئەوروپی دەگرێتەوە کە ڕویان لە هیندستان و ئێران ئاسیای ناوەڕاست کردوە، هیندۆئەڵمانیش سنورەکەی بەرتەسکە، ناکرێت تەواوی ئەم گەل و هۆزانە لە ئەڵمانیاوە سەرچاوەیان گرتبێت. هەمیش ڕەگەزپەرستی پێوەدیارە، بۆیە لە ئێستادا زاراوەی هیندۆئەوروپی لەهەمو زاراوەکانیتر گشتگیر و گونجاوترە بۆ ناونانی ئەم گەل و هۆزانە.


## ٢- سەرەتای توێژینەوە لە هیندۆئەوروپییەکان دەگەڕێتەوە بۆ کەی؟

سەرەتاکانی توێژینەوە لە هیندۆئەوروپییەکان هاوکاتبو لەگەڵ دەستپێکردنی چالاکییەکانی کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵات لە ئینگلتەرا و هۆڵەندا لەکۆتاییەکانی سەدەی هەژدەدا (شیرەجینی ویگران، ١٣٩٦ .١٦٨)، یەکەمین هەوڵ کە درا بۆ دۆزینەوەی هیندۆئەوروپییەکان و زمانیان لەلایەن (سێر ویلیام جۆنز[١])ەوە بو لە ساڵی (١٧٨٦ز)دا دوای سێ ساڵ لە هاتنی بۆ کەلکەتا دەستی بەلێکۆڵینەوەکرد، گەیشتە ئەنجامێکی سەرسوڕهێنەر لە سێیەم گوتاری ساڵانەی خۆیدا بۆ کۆمەڵەی ئاسیای بەنگال (Anthony, 2007, 7)، ڕایگەیاند کە هەستاوە بە بەراوردکردنی زمانی سانسکریتی کۆن لەگەڵ لاتینی و یۆنانیدا، لە ئەنجامی ئەو بەراوردکارییەدا جۆنز ئەوەی بۆ دەرکەوت ئەم زمانانە لێکچونێکی زۆریان لەنێواندا هەیە، هەم لە ڕەگی کارەکانیاندا هەمیش لە فۆرمی ڕێزمانیاندا، ئاماژەشی بەوەدا دەکرێت زمانەکانی (فارسی و سلتیک ئەڵمانی) بۆ هەمان خێزانی زمانەوانی بگەڕێنەوە (Cklack, 2007, 2)، ئەمە بو بە بناغەیەک بۆ دەستپێکردنی لێکۆڵینەوە زانستییەکانی زمانەوانی بەراوردکاری و زمانەوانی هیندۆئەوروپی، ئەمەش لەسەر بنەمای بونی وشەی هاوبەش لەنێوان ئەو زمانانەدا وەک ئەم چەند نمونەیەی لەم خشتەیەی خوارەوەدا دیارە:

| ڕۆژهەڵات | | | ڕۆژئاوا | | |
|---|---|---|---|---|---|
| هیندی ڕۆژهەڵاتی (سانسکریتی | فارسی کۆن و ئەفغانی | گریکی | لاتینی | ئەڵمانی | ئینگلیزی |
| Bbrûtar | Bratar | Phrâtêr | Frâter | Bruder | Brother |
| Mâtar | Mãtr | Mêtêr | Mêter | Mutter | Mother |
| Pitar | Pitar | Patêr | Pater | Vater | Father |

خشتەی ژمارە (١) بەراوردی وشە هاوبەش و نزیکەکانی زمانەکانی هیندۆئەوروپی، وەرگیراوە لە (برستد، ٢٠١١، ٢٤١).

زاراوەی هیندۆئەوروپی بۆ یەکەمجار لەلایەن (تۆماس یۆنگ[٢])ەوە لە ساڵی (١٨١٢ز)دا بۆ ئەو زمانانە هەڵبژێردرا کە لەنێوان ئەوروپا و ڕوژئاوای ئاسیادا بڵاوبونەتەوەو پەیوەندییەکی زمانی هاوبەشیان هەیە (صفا، ١٣٩٠، ١٥٨) هەروەها لە ساڵی (١٨٦١ز)دا مۆدێلێکی تری توێژینەوە هاتە کایەوە بۆ لێکۆڵینەوە لە زمانەکانی هیندۆئەوروپی، ئەویش شێوازی درەختی خێزانی زمانەوانی بو، کە هەمو زمانەکانی هیندۆئەوروپی دەگێڕایەوە سەر باپیرەیەکی هاوبەشی زمان، زمانی ئەوروپی سەرەتایی سەرەتا لە دو لق پێکهاتوە ئەوانیش لقی باکوری ئەوروپا کە پێکدەهات لە (ئەڵمانی،لیتوانی، سلاڤی)، لقی دوەم ئاسیا- ئەوروپای باشور (هیندی، ئێرانی، یۆنانی، لاتینی، ئەلبانی، سلتیک)، وەک لەم هێڵکاریەی خوارەوەدا دیارە (Hirt, 1905, 91).




هێڵکاری ژمارە(٢)، هێڵکاری یەکەم دەرختی زمانەوانی هیندۆئەوروپی کە لەلایەن زانای ئەڵمانی (ئۆگیست شلایچەر)ەوە داهێنرا، وەرگیراوە لە: (Schleicher, 1861, 7).

## ٣- دەرکەوتنیان لە مێژودا

لێکۆڵینەوە لەوەی کە سەرەتای دەرکەوتن و سەرهەڵدانی هۆز و گەلانی هیندۆئەوروپی دەگەڕێتەوە بۆ چ سەردەمێک، سەختە و توشی چەندین گیروگرفت دەبینەوە، هەم لەڕوی زمانەوە کە بۆ ئەو سەردەمە زمانێکی دیاریکراو نییە و ئەم گەلانە نوسینیان جێنەهێشتوە، لەڕوی شوێنەواریشەوە تا ئێستا نیشتیمانی ڕەسەنیان دانپێدانراو نییە، بۆیە سەرەتای دەرکەوتن و دابەشبونیان ناڕونە، دیسانەوە پشت بە گریمانە دەبەستین لەسەر بنەمای پرۆتۆ هیندۆئەوروپی، بە هەمانشێوە ئەو نوسین و شوێنەوارانەیان کە لە سەردەمانی دوایدا لە ناوەندە شارستانییەکاندا جێیانهێشتوە.

بۆچونەکان بۆ سەرەتای دەرکەوتنی هیندۆئەورووپییە سەرەتاییەکان جیاوازن، یەکێک لە بۆچونەکان پێیوایەکە ئەمانە تا هەزارەی چوارەمی پ.ز گەلێکی لێکدانەبڕاوبون و بەیەکەوە دەژیان، بەڵام لەدوای ئەوکاتەوە کۆچەکانیان بەرەرەو ناوچەکانی باشور دەستپێکرد، لەوانەش ناوچەی ئاسیای ناوچە جیاجیاکانیتری جیهان (ایزدی، ١٣٨٦، ٢٤)، حسن پیرنیا ئاماژە بەوە دەدات کە ئارییەکان لە هەزارەی سێیەمی پ.ز ەوە لە هیندۆئەورووپییەکانیتر جیابونەتەوە (پیرنیا، ١٣٨٣، ٥١)، توێژەرێکی تریش بانگەشەی ئەوەی کردوە کە سەرەتاو دەرکەوتنی هیندۆئەورووپییەکان دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی حەوتەم و شەشەمی پ.ز لە ئەنادۆڵ، ئەوانە کەسانی جوتیار و نیشتەجێبون، پاشان کۆچیانکردوە بۆ ئەوروپا و ئاسیای ناوەڕاست و ناوچەکانیتر، بە پشتبەستن بە ئەمەش لەسەر ئەو پاشماوە شوێنەواریانەی کە دۆزراونەتەوە.(Renfrew, 1989, 113). توێژەرێکی تر دەڵێت: "شوێنەوارناسان ناتوانن کۆک بن لەسەر دێرینییەتی هیندۆئەوروپی سەرەتایی، هەندێ لە توێژەران دەڵێن لە ساڵی( ٨٠٠٠) پ.ز قسەی پێکراوەو بەشێک لە توێژەران دەڵێن تا درەنگانی ساڵی( ٢٠٠٠) پ.ز قسەی پێکراوە"، باوەڕیشی وایە کە ناتوانین کاتێکی دیاریکراو دیاری بکەین بۆ دەستپێک و دەرکەوتن و دابەشبونی ئەم هۆزانە، هۆکاری سەرەکی ئەم حاڵەتە ناکۆکییە درێژخایەنەش ئەوەیە کە زۆربەی شوێنەوارناسان گرنگی بە زمانەوانی نادەن، هەندێکیان چارەسەرێکیان پێسنیارکردوەکە لەگەڵ بەڵگە زمانەوانییەکاندا ناکۆکن.(Anthony, 2007, 16.).

بۆچونێکی تریش پێیوایە کە بەپێی لێکۆڵینەوە نوێیەکان لەیەکچون و خزمایەتییەکی زۆر لەنێوان وشەکانی زمانە هیندۆئەوروپییەکاندا هەیە لەڕوی (ڕستەسازی دەنگ، ڕێزمان)ەوە، بۆیە لە دەوروبەری هەزارەی پێنجەمی پ.ز یەک زمانی سەرەتایی هیندۆئەوروپی هەبوەو قسەی پێکراوە، دواتر بەسەر گروپەکانی خێزانی زمانەوانی ئەوروپیدا دابەشبون (رحمان، ٢٠١٩، ٢٧)، سەبارەت بە کاتی دابەشبونی هیندۆئەوروپی سەرەتایی دیسانەوە بەڵگە و بۆچونەکان جیاوازیان لەنێواندا هەیە، بەڵام لێرەدا پشت بە بەڵگە شوێنەواری و زمانەوانییەکان دەبەستین.

هەزارەی چوارەمی پ.ز بە یەکێک لەو کاتانە دادەنرێت کە یەکەم لێکترازانی هیندۆئەوروپی تێیدا ڕویداوەو یەکەم کۆچیان دەستپێکردوە (ایزدی، ١٣٨٦، ٥١)یاخود لە کۆتایی هەزارەی چوارەم تا کۆتاییەکانی هەزارەی سێیەم(٣٣٠٠-٢٢٠٠پ.ز) درێژەی هەبوەو یەکەم دابەشبون ڕویداوە، کە ماوەیەکی درێژخایەنە و هۆزەکان بەرەو ناوچەکانی ئاسیای ناوەڕاست و ئەوروپا کۆچیانکردوە (شیرەجینی، دیگران، ١٣٩٦، ١٧٣)، دوەم کۆچیان بۆ ناوچەی ئەنادۆڵە، لە سەدەی نۆزدەی پ.ز، بازرگانانی ئاشوری چەند بنکەیەکی بازرگانیان لە ناوچەی (کانیش) کۆلتەپەی نوێ دامەزراندبو بە ناوی (کاروم[3])، سەرچاوەیەک ئاماژە بەوەدەکات لەو بنکانەدا چەند پارچە تابلۆی نوسراوی قوڕ دۆزرانەوە کە پەیوەستبون بە کاروباری ڕۆژانەوە لەناویاندا ناوی کەسی و ناوی شوێنیش بەدیدەکرین کە هیندۆئەوروپین (Mallory, 1989, 25) ئەمەش وەک ئاماژەیەک دادەنرێت بۆ نیشتەجێبونیان لەپاڵ ئەوان لەناوچەکەدا.

بە پشتبەستن بەو بۆچونەی کە حورریەکان[4] بەشێکن لە گەلانی هیندۆئەوروپی دەتوانین وەک یەکەم کۆچ دیارییان بکەین کە لە کۆتاییەکانی هەزارەی سێیەم ڕوپانکردۆتە ناوچەکانی باکور و ڕۆژهەلاتی وڵاتی دو ڕوبار واتە (باشوری کوردستان)و پاشان بە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیکی کۆندا بڵاوبونەتەوە، ئەمەش بە پاڵپشت بە نوسینەکانیان وەک نوسینەکەی شاری ئورکیش لە ڕۆژئاوای کوردستان، کە لەسەر پەیکەری شێرێکی برۆنزی نوسراوە (ڤیلهیلم، ٢٠٠٩ . ٢٢-٣٠) لە سەدەی شازدەی پ.ز ناوچەی ئەنادۆڵ گەواهیدەری هاتنی گروپێکی دیکەی هیندۆئەوروپییە کە خاوەنی نوسینی تایبەت بەخۆیان بون ئەوانیش (حسیەکان[5]) بون( Mate, 2017, 3)ئەمەش پاڵپشت بەو ئەرشیفە گەورەیەی کە لە حاتوشای پایتەختیان دۆزراوەتەوە، واتە (بوغازکۆی) ئێستا (Mallory, 1989, 25)، هاوشانی ئەوان لقێکی دیکەی هیندۆئەوروپی کە (هیندۆ ئێرانییەکان) بون لەگەڵ سلاڤی و باڵتیکەکاندا یەک گەل بون لە دەوروبەری (٢٢٠٠-١٨٠٠پ.ز) لە هیندۆئەوروپییەکان جیابونەوە پاشان لە هەزارەی دوەمی پ.ز لە ئاسیای ناوەڕاستدا نیشتەجێبون (شیرەجینی، دیگران، ١٣٩٦، ١٨١)، لە هەزارەی دوەمی پ.ز دا دەستیان بە کۆچکردنکرد بۆ ناوەندەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیکی کۆن لەوێ لقێکیان بەرەو هیندستان ڕۆیشتن دەروازەی هیندکۆشیان بڕی بە درێژایی ڕوباری (بندشیر و کابول)، تا گەیشتنە باکوری هیندستان، (المزوری، ٢٠٠٢، ٩)، لەگەڵ دانیشتوانی ڕەسەنی ناوچەکەدا کەوتنە جەنگ و ململانێ کە هەردو شارستانییەتی (موهنجودارا و هارپا)بون، توانیان بەسەریاندا زاڵبن، شارستانییەتی ڕەسەنی ناوچەکە لەناوببەن و خۆیان جێگەی بگرنەوە (فخری، ١٩٥٨، ٢٢١).


لقەکەیتر ڕویان لە ڕۆژهەڵاتی دەریای خەزەر کرد، کۆمەڵێ بون کە وادیارە لە جەنگاوەر پێکهاتبون بە ناوچەکانی قەفقاسدا تێپەڕین و بەرەو بەرزاییەکانی فورات هاتن شانشینی (میتانی[6])یان دامەزراند (رضائی، ١٣٨١، ١٧٧)، لقێکیتری ئەم سوارچاکە جەنگاوەرانە بە درێژایی زاگرۆسی ناوەڕاستدا جوڵەیانکرد و چونە ناوچەی باشوری ڕێگای کاروانە گەورەکانەوە، بۆ ناوچەیەک کە دواتر بە ناوەندی بەخێوکردنی ئەسپ ناسرا، لەگەڵ (کاشیەکان[7])دا تێکەڵبون و دواتر بە کاشی ناسران(الاحمد و الهاشمی، د.س، ٨٠).

لقەکەی تری هیندۆئەوروپی کە بە لقی خۆرئاوای ناسرا لە (هەزارەی دوەمی پ.ز)ەوە دەستیان بە کۆچکردنکرد، بەسەر چەند ناوچەیەکدا بڵاوبونەوە، کۆمەڵێکیان بەرەو باکور ڕۆیشتن بە درێژایی ڕوباری (ڤۆڵگا) بەرەو ئەوروپا و ڕۆژئاوا،

بەسەر دەشتە کراوەکانی پۆڵەندا و ئەڵمانیادا، تا ساڵی (١٦٠٠پ.ز) گەیشتنە دانیمارک و حەوزی ڕاین، لەوێ لەگەڵ گروپێکدا تێکەڵ بون کە بە (Bakeaker Folk)[٨]ناسراون (Roux, 1992, 227).
لقێکی تریان لە جوڵە بەردەوامبو لە پێشڕەوی بۆ باشور و دەرفەتی بۆ ڕەخسا کە کۆنترۆڵی دۆڵی نیل بکات بۆ ماوەی دو سەدە، (١٥٨٠-١٧٨٥پ.ز) فەرمانڕەوایی لە هەندێک ناوچەی دۆڵی نیلدا بکات، کە ئەم لقە بە (هیکسۆس[٩])ەکان ناسران (رضا، ٢٠٠٩، ٢٨).
لە کۆتاییەکانی هەزارەی دوەم و سەرەتای هەزارەی یەکەمی پ. ز ناوچەکانی ئێران شەپۆلی دوەمی هیندۆئەوروپییەکانیان گرتەخۆ کە بە (ئاریا)یی ئێرانی ناسران (الاحمد و احمد،١٩٨٨، ٣٦٤) تۆمارە مێژوییەکانی ئاشوری نوێ (٩١١-٦١٢پ.ز) باسیان لە هۆزەکانی (ماد[١٠]، فارس[١١]، ئەسکیسیەکان[١٢]) کردوە، کە هەمویان سەر بە هۆزەکانی هیندۆئەوروپی (ئاریاین) (الوردی، ٢٠١٥، ٢٠)، پاشان شەپۆلی سێیەمی ئەم هۆزانە، کە هۆزی ساکا بو لە دەوروبەری سەدەی دوەمی پ.ز لەگەڵ هۆزەکانی (بارنی) تێکەڵبون، دواتر یەکێک لە سەرکردەکانیان توانی یەکیانبخات و دەوڵەتی (ئەشکانی[١٣])یان پێ دابمەزرێنێت (الاحمد و الهاشمی، د.س، ٨١). ئەگەرچی ئەمە کۆتایی هاتنی ئەم هۆزانە نییە بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵات بەڵکو تا دوای زاینیش هاتنیان هەر بەردەوام بو (Quiyley, 1979, 197).
لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە هۆزەکانی هیندۆئەوروپی ڕیکۆچی جۆراوجۆریان گرتۆتەبەر، هەم لەڕوی کات و هەمیش شوێنەوە، ئەم کۆچە کۆچێکی هێواش و درێژخایەن بوە، هەر کامێکیش لەم لقانە بە چەند قۆناغێک هاتون و لە چەند وێستگەیەکدا وچانیان داوە، تا لە دواجاردا توانیان بگەن بە ناوەندە شارستانییە ئاوەدانەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیکی کۆن و ڕۆژهەڵاتی دور، ئەوروپا، لە ناوەڕاستی هەزارەی دوەمی پ.ز تا کۆتایی هەزارەی یەکەم هەژمونی خۆیان سەپاند.

**تەوەرەی دوەم: نیشتیمانی ڕەسەنی هیندۆئەوروپییەکان**

پرسی نیشتیمانی ڕەسەن و بنەڕەتی هیندۆئەوروپییەکان تاکو ئێستاش جێگەی مشتومڕێکی زۆرە، ئایا ئەم گەلە لە سەرەتاوە لەکوێ نیشتەجێ بوە و پەرەی سەندوە؟بۆ ئەو مەبەستە چەندین گریمانە و بۆچون بە پشتبەستن بە بەڵگە شوێنەواری و زمانەوانییەکان خرانەڕو، ئەگەرچی هەندێکیان تاڕاددەیەک نزیکبونەتەوە لە دیاریکردنی خاکێک وەک یەکەم نیشتیمانی ڕەسەن بەڵام تا ئێستا بەشێوەیەکی یەکلایی کەرەوە ئەوە نەچەسپاوە و وەک گریمانەیەک ماوەتەوە. هیندۆئەوروپییەکان بەناوچەیەکدا بڵاوبونەتەوە کە بە ئۆراسیا(Urasia) دەناسرێت، وشەی ئۆراسیا وشەیەکی لێکدراوە، لە دو بەشی یەکەمی ناوی ئەوروپا و ئاسیا پێکدێت، کە لە زەوییە تەختەکانی ئەوروپاوە درێژدەبێتەوە بەرەو ڕۆژهەڵات تا سنورەکانی چین (بەهزادی، ٢٠١١، ٥٧) بەتایبەت لە هەرێمی یاخود پشتێنەی (ستێپس[١٤]) یان هەرێمی کورتەگیا، بە ناوچەیەک دادەنرێت کە گەلانی هیندۆئەوروپی لێیەوە سەرچاوەیان گرتبێت، کەواتە ئەگەر گروپە سەرەکییەکانی هیندۆئەوروپی لەسەر نەخشەی خاکی ئۆراسیا وێنابکەین ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە لە ئەتڵانتکەوە دەگرێتەە تا ڕۆژئاوای چین و هیندستان درێژدەبێتەو، لە باکورەوە لە باکوری ئەسکەندەنافیاوە دەستپێدەکات تا دەریای سپی ناوەڕاست و زەریای هیندی لە باشور (Mallory & Adams, 2006, 8) وەک لە نەخشەی ژمارە(١) دا دیارە، کەواتە دەبێت بەر لە هەمو شتێک دەبێت سنوری ئەم خاکە بکێشین کە تێیدا بڵاوبونەتەوە، لەدواتردا دێینە سەر ئەو گریمانانەی کە دەکرێت لە هەر پانتاییەکی ئەم سنورەدا دیاری بکرێت وەک نیشتیمانی سەرەکی و ڕەسەنی هیندۆئەوروپییەکان، کە پێکدێن لەمانەی خوارەوە:




نەخشەی جیهانی هیندۆئەوروپی وەرگیراوە لە (Mallory & Adams, 2006, 9)

**١- گریمانەی ئاسیا وەک نیشتیمانی ڕەسەن**

بونی نیشتیمانێک بۆ هیندۆئەوروپی لە ئاسیادا دەمێکە بیری زمانناسان و شوێنەوارناسانی سەرقاڵکردوە، ئەمەش بە پاڵپشت بە چەندین بەڵگە، یەکێک لەوانەی کە بەرگری لەم بۆچونە دەکات پشتبەستنە بە چیرۆکی تاوەری بابل لە تەوراتدا کە بە شێوەیەکی ئەفسانەیی باس لەوە دەکات هەمو ڕەگەزەکان لە ئاسیاوە سەرچاوەیان گرتوەو بە خەزنەی گەورەی گەلان دادەنراوە وا گریمانە دەکرا کە هەمو کۆچەکان بەدوای جوڵەی خۆرەوە لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا ئەنجامدەدرێن (المقدس، بێڕێکەوت، ١٢)، بەڵام ئەو بیرۆکە گشتێنراوە تاڕاددەیەکی زۆر لەگەڵ زانستی شوێنەوار و زمانەوانیشدا ناکۆکە (چایلد، ١٣٩٠، ١٣٩).

**آ- هیندستان**

هیندستان وەک نیشتیمانی ڕەسەنی هیندۆئەورپی یەکێکە لە بیرۆکە دێرین و سەرەتاییەکان، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە هیندۆسەکان گەلانی ئارین و شارستانیەت و کلتورێکی گەورەیان لەوێدا دامەزراندوە، ئەمەش بوە هۆی ئەوەی کە توێژینەوە لەسەریان برەو بسەنێت، لەلایەکیتریشەوە زمانی سانسکریتی بە زمانێکی ڕەسەن و پاک ناسرا، کە دەکرێت هەمو زمانەکانی تری هیندۆئەوروپی لەوەوە سەرچاوەیاننگرتبێت، ئەمەش بە بەراوردی وشە هاوبەشەکان هەر وەک لە تەوەرەی یەکەمدا ئاماژەمان پێدا،ئەو لێکچونەی کە لەنێوان زمانی سانسکریتی و زمانە هیندۆئەورووپییەکانی ڕۆژئاوادا هەیە وایکرد کە لەو بڕوایەدابن زمانەکانی یۆنانی و لاتینی و تەواوی زمانەکانی دیکەی هیندۆئەوروپی لە سانسکریتییەوە وەرگیراون (رحمان، ٢٠١٩، ٢٨) .

بەڵام ئەم بیرۆکەیە لاواز بو کە ڕەگی هەمو زمانەکان لە زمانێکی ناسراوەوە وەربگیرێت، لە هەمان کاتدا زانستی بەراوردکاری زمانەوانیش لەو کاتەدا خەریکبو دەگەیشتە لوتکە (نیا، ١٣٥٣، ٢١). ئەم بیرۆکەیە تا کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیست هەر بەردەوامبو، بەڵام بەراوردکردنی زمان ولانکەی شارستانی بونی ئاسیا ناتوانن بۆچونێکی کاریگەرین بۆ سەلماندنی هیندستان و ڕۆژهەڵات بە ماڵی یەکەم و ڕەسەنی هیندۆئەوروپییەکان، چونکە بەڵگە شوێنەوارییەکان و هەمیش زمانەوانییەکان زۆر لەپێش ئەو بەروارەوەن کە ئەدەبیاتی هیندۆئەوروپییەکان تێیدا دەرکەوتوە، ئەوەش سەلمێنەری ئەوەیەکە ئەوان گەلانی ڕەسەنی ناوچەکە نین و لە دواتردا کۆچیانکردوە بۆ هیندستان (رحمان، ٢٠١٩، ٢٨-٢٩). کەواتە بە ڕەچاوکردنی هەمو ئەم بنەمایانە دەکرێت بڵێین هیندستان وەک نیشتیمانێک بۆ هیندۆئەوروپی بە شیاو دانانرێت.

**ب- ئاسیای ناوەڕاست**

یەکێکیترە لەو بۆچونانەی بۆ ماوەیەکی زۆر بیری لێدەکرایەوە (پیرنیا، ١٣٨٣،٢٣)، ئەمەش ڕەنگە بەهۆی ئەو هەڵکەوتە جوگرافیەوە بوبێت کە هەیەتی، بەوەی زنجیرەیەک ڕێگای گواستنەوە بە یەکەوە گرێدەدا (Potts, n.d., 690)، (ئێرنست رینان) سەرچاوەی هیندۆئەوروپییەکانی لە ئاسیای ناوەڕاست لە نزیک بانی (پامیر[١٥]) زانیوە، یەکەم جار پێدەچێت نەریتە ئەدەبییەکانی زمانە هیندۆئەوروپییەکان ئاماژەیان بەم ناوچەیە کردبێت، هەروەها ئاماژە بەوە دەکات ئاسیای ناوەڕاست ماڵی سەرەکیان بوە و هەمو مرۆڤەکان لە ئاسیای ناوەڕاستەوە سەرچاوەیان گرتوە (Renan, 1864, 229)، ( ماکس مۆلەر) توێژینەوەیەکی لە بواری زمانەوانی و ئیتنۆلۆژیدا ئەنجامداوە و نیشتیمانی ڕەسەنی هیندۆئەوروپییەکانی لە خاکێکی نەدۆزراوە لە ئاسیای ناوەڕاستدا وەک یەکێک لە ئەگەرەکان دیاریکردوە، ئەمەش بە پشتبەستن بە چەند بەڵگەیەکی سەرەتایی زمانەوانی و هەروەها ئەو شەپۆلە نەتەوەییە گەورانەی کە لەسەردەمەکانی دواترەوە لە ئاسیای ناوەڕاستەوە سەریانهەڵداو دواتر دەستانبەسەر ئەوروپادا گرت، وەک (هۆنەکان[١٦]) لە سەدەی چوارەمدا و مەغۆلەکان لە سەدەی سێزدە هەمدا (muller, 1888, 117).

ناوچەی ئێرانۆویج یەکێکیترە لەو ناوچانەی کەبە نیشتیمانی گەلانی هیندۆئەوروپی دادەنرێت لە ئاسیای ناوەڕاستدا دەکەوێتە نێوان ڕوبارەکانی (سیحون و جیحون) (الاحمد و الهاشمی، د.س، ٧٧)، بەپێی چیرۆکی سەرەتای ئاڤێستا، ئاهورا مەزدا لە باشترین شوێندا ئێرانۆویجی دروستکرد، بەڵام دواتر ئەهریمەن سەرمایەکی توندی لەم خاکەدا دروستکرد و ژیانی قورسکرد، بە هۆی ئەوەشەوە ئاهورا مەزدا شازدە ناوچەی دیکەی دروستکرد و دانیشتوان کۆچیان بۆکرد (خلیل عبدالرحمن، ٢٠٠٨، ٢٣٦) هەروەها ڕۆژهەڵاتناسێک بۆچونی وایە کە شتێکی لۆژیکییە بنەچە و نیشتیمانی سەرەتایی هیندۆئەوروپییەکان لە ئاسیای ناوەڕاستدا دیاریبکریت، بەڵام دواتر بەهۆی وشکبونەوەی ناوچەکەوە هیندۆئەوروپییەکان ڕویان لە ئەوروپا وناوچەکانی باشور کرد، ئەو پێیوایە کە ناکرێت لە ناوچە زۆر سارد و گەرمەکاندا ژیابن بۆیە باکور و باشور وەک ماڵی ڕەسەن ڕەتدەکاتەوە (Widney, 1907, 11-25).

**ج- ناوچەی قەفقاس**

یەکێکی ترە لەو جوگرافیایانەی بە نیشتیمانی ڕەسەنی هیندۆئەوروپییەکان دادەنرێت، کە ناوچەکانی قەفقاس و نزیک ئەرمینیا یاخود نزیکی ئەنادۆڵ دەکرێت وەک نیشتیمانێک دابنرێت بۆ هیندۆئەوروپییەکان و پاشان لەوێوە کۆچیان کردوە بەرەو ناوچەکانی دیکە (Anthony, 2007, 97) ئەوەش لەسەر بنەمای زمانەوانی بو کە زمانی قەفقاسی و هیندۆئەوروپی لە یەکترییەوە نزیکن و دەکرێت هەردوکیان لە یەک ڕەگەوە سەرچاوەیان گرتبێت (Mallory & Adams, 1997, 292)، بەتایبەت لەگەڵ ئەوانەی کە ئێستا بە قەفقاسی باشور یان کارتیڤیلیان پۆلێنکراون و زمانی جۆرجیای مۆدێرنیان پێکهێناوە، هەروەها زماناسانی وەک (تۆماس ڤی. گامکرێلدزی و ڤی.ئیڤانۆڤ) تیۆری (Glottalic)کە لەڕوی دەنگەوە

ئەوەیان خستۆتەڕو کە فۆنۆلۆژیا و وشەسازی  هیندۆئەوروپی سەرەتایی هاوشێوەیە لەگەڵ کارتیڤیللی سەرەتایی و تەنانەت سامی سەرەتایشدا، ئەمەش ئەگەری ئەوەی دروستکردوە کە ئەوانە هەرسێکیان لە ناوچەیەکدا پەرەیان سەندبێت کە هەندێک تایبەتمەندی فۆنۆلۆژیای ناوچەییان هەبوبێت (Gamkrelidze & Ivanov, 1995, 777)، هەروەها بونی وشەی وەرگیراوی هیندۆئەوروپی سەرەتایی لەو دو زمانەوە وایکردوەکە بنچینەی هیندۆئەوروپی لەم ناوچەیەدا دابنرێت، لەگەڵ ئەوەی کە هەندێک زاراوە بۆ (دار، فیل، شێر) لە هیندۆئەوروپی سەرەتایدا بەدیدەکرێن کە تەنها لەناوچەکانی باشوری قەفقاسدا هەن و ناتوانرێت لە باکوریدا بەدیبکرێن، بەڵام ئەمانە نابنە بەڵگەی تەواو و سەلمێنەر، چونکە ئەو وشانەی کە لە سامی و کارتیڤیللیەوە وەرگیراون بۆ هیندۆئەوروپی سەرەتایی، ڕیشەکەی لە زمانێکەوە بوە کە بە پێش کارتیڤیللی دەناسرێت و دەگەڕێنەوە بۆ کلتورێکی سەرەتایی لە لای باشوری زنجیرە چیای باکوری قەفقاس، سەرەڕای ئەوەی کە هەندێک تایبەتمەندیان لێکدەچێت، بەڵام ئەوە ناسەلمێنێت کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بەیەکەوە هەبێ (Anthony, 2007, 97-98)، هەر ئەوەش وادەکات کە بیرۆکەی قەفقاس لاوازببێت.
بەڵگە شوێنەوارییەکان داکۆکی لەناوچەی قەفقاس دەکەن بە دۆزینەوەی کەلوپەل کە لەماددەی کانزایی ئاسن دروستکراون، بەوپێیەی پیشەی ئاسنگەری دەگەڕێننەوە بۆ هیندۆئەوروپییەکان و لە ئاسیای ناوەڕاستەوە سەریهەڵداوە، ئاماژەش بەوە دەکرێت کە لێکچونێکی زۆر لەنێوان کەلوپەلە شوێنەوارییەکانی ئاسیای ناوەڕاست و ئەوروپای ناوەڕاستدا هەیە لەو سەردەمەدا، پاڵپشت بەوەی کە کارگە و کانزاش لە قەفقاسدا بونی هەبوە کەواتە ئەو بیرۆکەیە دێتە ئاراوە کە گروپێک لە قەفقاسەوە چونەتە ئەوروپای ناوەڕاست، ئەمەش ڕێگەخۆشکەرە بۆ ئەو بیرۆکەیەی کە هیندۆئەوروپییەکان نیشتیمانی ڕەسەنیان لە ناوچەی قەفقاسدا بێت (چایلد، ١٣٩٠، ١٧٠-١٨٠).

**د- ئەنادۆڵ**

دیسانەوە یەکێکە لە نیشتیمانە مشتومڕلەسەرەکان ئەمەش بە پشتبەستن بە بەڵگە کشتوکاڵییەکان، لە سەردەمی بەردینی نوێدا کەلە (چاتال هۆیۆک)ەوە فراوانبون ئەوەی کە بەرگری لەم بۆچونە دەکات و سەرمەشقییەتی (کۆلین ڕینفریو)یە، کە پێیوایە نشینگە سەرەتاییەکانی سەردەمی بەردینی نوێ لە ئەنادۆڵەوە واتا ڕۆژئاوای ئاسیا لە هەزارەی حەوتەمی پ.ز یەوە پەڕیونەتەوە بۆ یۆنان و لەوێوە سەرەتاییترین کۆمەڵگەی بەردینی نوێیان لە ئەوروپادا دامەزراندوە (Renfrew, 1989, 111) بەو پێیەش بێت دەبێت ئەو گروپانە لە دواتردا بە هەمو ئەوروپادا بڵاوبوبێتنەوە و تا دەریای بەڵتیک و زەریای ئەتڵەسی و لقێکی تریان بەرەو ڕۆژهەڵات هاتۆتەوە بەکەنارەکانی باکوری ڕۆژئاوای دەریای ڕەشدا و پاشان بە شێوەی شوانکارەی سەرەتایی بڵاوبونەتەوە بە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتدا (Mallory, 1989, 177) ئەمەش بە پشتبەستن بەوەی زمانێکی هیندۆئەوروپی سەرەتایی لەم ناوچەیەدا قسەی پێکراوە، بەڵام ئەوە بەڵگەیەکی سەلمێنەر نییە، چونکە زمانیتر لەم ناوچەیەدا قسەیان پێکراوە کە هیندۆئەوروپی نەبون بەڵکو جۆرێک بون لە ئەفرۆ- ئاسیایی، وەک سامی لە باکوری سوریا تا ئەنادۆڵ، لەگەڵ بونی زمانەکانی (حاتی[١٧]، حوری) بۆیە ئەگەر گواستنەوەیەک هەبوایە بۆ یۆنان ئەوا ئەم زمانانە دەگوازرانەوە، بۆیە بونی زمانێکی هیندۆئەوروپی لە سەردەمی بەردینی نوێ لە ئەنادۆڵدا جێگەی مشتومڕەو بەڵگەکان لەگەڵی نین (Anthony, 2007, 76)، ئەمەش بە هۆی ئەوەی نە شوێنەوار نە زمانەوانیش بە تەواوەتی پشتڕاستی ناکەنەوە.
پشتگیریکردن لە بیرۆکەی نیشتیمانیکی ڕەسەن لە ئاسیادا تاوەکو  ماوەیەکی زۆر بە پێشەنگی مایەوە، بەڵام لە دواتردا بیرۆکەی نوێ پەیدابون لەسەر ئەوەی کە دەکرێت سەرچاوەی ئەم گەلە لە ئاسیادا نەبێت، بەڵام تاکو ئێستاش گریمانەی ئاسیا یەکێکە لە گریمانە بەهێزەکان بەوەی ئەگەر  لە هەمو ئاسیاشدا نەبوبێت دەکرێت بەشێکی بکەوێتە ئاسیاوە، ڕەنگە لێکۆڵینەوەکانی داهاتو ئەم بابەتە ڕونبکەنەوە و گومان و ناڕونییەکانی تایبەت بەو پرسە بڕەوێننەوە.

## ٢- ئەوروپا وەک نیشتیمانی ڕەسەنی هیندۆئەوروپییەکان

کیشوەری ئەوروپا یەکێکیترە لەو خاکانەی وا گریمانە دەکرێت هیندۆئەوروپییەکان لێیەوە سەریان هەڵدابێت، سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم بیرۆکەیە دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەی زاینی زانایان بڕیاریاندا لە ئەوروپادا بەدوای نیشتیمانێکدا بگەڕێن بۆ ئەم گەلە ئەگەرچی سەرەتا ڕەخنەی لێگیرا، بەڵام لە ئێستادا بە یەکێک لە گریمانە سەرەکییەکان دادەنرێت (Hirt, 1905, 178)، لەناو ئەوروپادا چەند ناوچەیەکمان هەن کە گریمانە دەکرێت هیندۆئەوروپییەکان لێیانەوە بڵاوبوبێتنەوە کە ئەمانەی خوارەوەن:

**ا- باکوری ئەوروپا**

ئەو توێژەرانەی کە باکوری ئەوروپا بە ماڵی ڕەسەنی هیندۆئەوروپییەکان دەزانن سنوری جوگرافییەکەیان لە دەشتێکی فراواندا داناوە کە لە دەریای باکورەوە درێژدەبێتەوە تا دەریای خەزەر (چایلد، ١٣٩٠، ٢٢٥) ئەمەش لەسەر بنەمای چەند بەڵگەیەکی شوێنەواری، (کارل پێنکا) یەکێکە لەوانەی کە پشتگیری لەو بیرۆکەیە دەکات و پێیوایە ناوچەی ئەسکەندەنافیا تاکە خاکە لە ئەوروپادا کە قۆناغی ڕاگوزەری لە چاخی بەردینی کۆنەوە [١٨]بۆ چاخی بەردینی نوی[١٩] تێپەڕاندوە، ئەمەش مانای ڕەسەن بونی شارستانییەتەکە دەدات و لەوێوە وردەوردە گەشەی کردوە و جیاوازە لە هەر کلتوریکیتر، بۆیە ئەسکەندەنافیا سەرچاوەی سەرهەڵدانی هیندۆئەوروپییە(Penka, 1883, 64). هەروەها (هێرمان هێرت)یش لەسەر بنەمای شوێنەواری پشتگیری لەم بۆچونە دەکات بەهۆی ئەوەی چەند ئامرازێکی بەردین لەم ناوچەیەدا دۆزراونەتەوە، دەڵێت: "کە پرسی نیشتیمانی هیندۆئەوروپی کێشەیەکی چارەسەرنەکراو نییە، ئەگەر نەشتوانین سنورە وردەکانی باکوری ئەوروپا بە تەواویش دیاریبکەین، بەڵام دەتوانین بە نیشتیمانی ڕەسەنی هیندۆئەوروپی دابنێین (Hirt, 1905, 197-198)، هەرچەندە بیرۆکەکەی پێنکا لە دواتردا ڕەتکرایەوە، چونکە لەوکاتەدا گرنگی بە زانستی شوێنەواری نەدەدرا، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئەم گریمانەیە دەکرێت ڕەتبکرێتەوە چونکە تەنها قوتابخانەی ئەڵمانی پشتی پێدەبەستێت ئەویش لەسەر بنەمای ڕەگەزی پاکی ئاری کە ناکرێت بنەچەیان لە هیچ ڕەگەزێکیترەوە وەرگیرابێت بەڵکو خۆیان لە سەردەمە بەردینەکانەوە کلتورێکی سەربەخۆیان هەبو، هەروەها ساردی ناوچەکە و نەگونجاوی کەش و هەواکەی ڕێگە بە گەشەکردنی شارستانییەتێکی کۆرپە نادات، هەروەها ئەم ناوچەیە لەڕوی جوگرافییەوە زۆر لەوە بچوکترە کە کۆچ و بڵاوبونەوەی دانیشتوان لەوێوە سەرچاوەی گرتبێت (نیا، ١٣٥٣، ٤١-٤٣).

**ب- ئەوروپای ناوەڕاست**

ئەوروپای ناوەڕاستیش وەک یەکێک لە ئەگەرەکان دادەنرێت، ئەوەش بە هۆی بونی ڕوباری دانوبەوە، کە دەکرێت کشتوکاڵی سەردەمی بەردین تێیدا سەریهەڵدابێت، بە هەمان شێوە کشتوکاڵ ئەوەندەی ئاژەڵداری گرنگ بوە، سنوری جوگرافییەکەی لە دەشتەکانی نێوان چیاکانی کارپات لە باکور و کێوەکانی باڵقان لە باشور، کێوەکانی ئەلپ و بومور واڵت لە ڕۆژئاوا بە سنوریان دیاری دەکرێت (چایلد، ١٣٩٠، ٢٠٠)، هەروەها توێژینەوەیەکیتر جەختی لەسەر باڵا دەستی بایۆلۆژی ئارییەکان دەکردەوە، سەرچاوەی هیندۆئەوروپییەکانی لە دانوب و ئەوروپای ناوەڕاست دانا (صفا، ١٣٩٠، ١٦٠). یەکێک لەو بەڵگە شوێنەوارییانەی کە پشتی پێدەبەسترێت لە دیاریکردنی ئەوروپای ناوەڕاست و بەتایبەت ڕوباری دانوب وەک نیشتیمانی ڕەسەنی هیندۆئەوروپی بریتییە لە کلتوری سوتاندنی جەستەی مردوە، کە ئاماژە بەوە دەکرێت کە سوتاندنی جەستەی مردو سەرەتا لەوێوە سەریهەڵداوە، پاشان بڵاوبۆتەوە بە ناوچەکانیتردا، هەروەها ئاماژە بەوە دەدرێت کە ناوچەکانی تری ئەوروپا لە پێش هاتنی هیندۆئەوروپییەکاندا ئەو نەریتەیان نەبوە، بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنی ئەواندا ئەم کلتورە پەرەی سەندوە، هەروەک لە هەنگاریادا بەدیدەکرێت و بە سەرچاوەی سەرهەڵدانی کلتورەکە دادەنرێت، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە سوتاندنی جەستەی مردو ناکرێت بکرێتە پێوەر، چونکە مردو سوتاندن لای

هەمویان هیندۆئەوروپی نین، هەروەها هیندۆئەوروپییەکانیش هەمویان لاشەی مردویان نەسوتاندوە، وەک گۆڕە دۆزراوەکانی دوریەکانی یۆنان، بۆیە ئەمە نابێتە بەڵگەیەکی بەهێز (چایلد، ١٣٩٠، ٢٠٦-٢١٣).
بە پشتبەستن بە بنیادنانەوەی کلتوری، بۆچونێکی تر هاتە کایەوە، ئەویش ئەوە بو کە ئەم گەلانە کەسانی کۆچەری نەبون، بەڵکو ئەوان نیشتەجێبون و شوان و جوتیار بون، لەلایەکیترەوە بە پشتبەستن بە بەڵگە زمانەوانییەکان، وشەکانی(چوارچێوە، دەرگا، ڕەفە، ستون)، لە زمانە بنەڕەتییەکەیاندا هەبون (نیا، ١٣٥٣، ٤٧-٤٩)، هەروەها (گایلز)یش لەسەر ئەو بیرۆکەیەی کە ئەوانە کۆچەری نەبون شوێنی ڕەسەنیانی لە دەشتی (پانویە) لە هەنگاریا دیاریکرد، ئەمەش لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەم دەشتە تاکە شوێنە لە ئەوروپادا کە کێڵگەی بە پیتی هەبێت و لەوەڕگای باشی تێدابیت، ئەو بە دانانی بنچەی هیندۆئەوروپی لە هەنگاریادا پێیوابو کە مرۆڤەکان دەتوانن بە ئاسانی کۆچبکەن دانوبیش ڕێگایەکی لەبارە بۆ ئەم کۆچکردنە (P., 1922, 69)، کەواتە هیدۆ ئەوروپییەکان لە سەرەتادا دانیشتوی نیشتەجێی ئەوروپای ناوەڕاستبون پاشان ژیانی کۆچەری و شوانکارەیان دەستپێکردوە، لەوێوە کۆچەکانیان بەرەو ڕۆژهەڵات و هەرێمی ستێپس چون و مەڵبەندەکانی نیشتەجێبونیان دەرکەوتن (نیا، ١٣٥٣، ٧٤) بەڵام لێرەدا بەڵگەی لێکچونی زمانەوانی ناوخۆیی واتە لقە زمانەکانی هیندۆئەوروپی ناتوانێت نیشتیمانێکی ڕەسەن و جێگیر دیاریبکات بۆ هیندۆئەوروپییەکان، بەڵام جەخت لەسەر شێوازێکی دوبارەبونەوەی پشتگیریکردن لە نیشتیمانیک دەکاتەوە کە دەبێت لەنێوان ئەوروپای ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی خەزەر دابێت (Mallory, 1989, 158).

**ج- باشوری خۆرهەڵاتی ئەوروپا(بالقان- یۆنان)**

باشوری خۆرهەڵاتی ئەوروپا (باڵقان- یۆنان) ناتوانرێت بە ئەگەرێکی بەهێز دابنرێت بۆ نیشتیمانی یەکەمی هیندۆئەوروپییەکان، ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە (مالۆری) ماژە بەوەدەکات کە هەندێک لە زمانزان و شوێنەوارناسان پێیانوایە کە هیندۆئەوروپییە سەرەتاییەکان دانیشتوانی ڕەسەنی ئەم ناوچەیە بون، بەتایبەت (ئیگۆر دیاکۆنۆڤ)، پشتگیری لە بالقان دەکات (Mallory, 1989, 177-181)، (رینفۆریو) پشتگیری دەکرد کە گواستنەوەیە لە ئەنادۆڵەوە بۆ یۆنان و باڵقان لەسەردەمی بەردینی نوێدا، کاتێک کۆلۆنیاڵەکانی سەردەمی بەردینی نوێ بەناوچەکاندا بڵاوبونەوە (Renfrew, 1989, 111)، ئەگەرچی لە دواتردا ڕەخنە لە گریمانەی ئەنادۆڵ گیرا، هەروەها یۆنانیش ڕەتکرایەوە، چونکە زمانی هیندۆئەوروپی دواتر لە بالقانەوە گواسترایەوە بۆ یۆنان، بەڵام بونی نیشتیمانێک لە باڵقاندا بۆ هیندۆئەوروپی پشتگیری لێکراوە (Mallory, 1989, 181).

**٣- باشوری ڕوسیا (باکوری دەریای ڕەش و خەزەر)**

باشوری ڕوسیای هاوچەرخ بە یەکێک لە بەهێزترین گریمانەکان دادەنریت وەک سەرچاوەو نیشتیمانێکی ڕەسەن بۆ گەلانی هیندۆئەوروپی، کە لێیەوە سەرچاوەیان گرتوە، زماننناس و شوێنەوارناسەکان تەنانەت مێژوناسەکانیش سەرچاوەی هیندۆئەوروپیان لە دەوروبەری ئەو ناوچەیە داناوە (چایلد، ١٣٩٠، ٢٥٧)، (Mallory, 1989, 185)،بەڵام دەربارەی سنوری جوگرافییەکەی کە لەکوێوە بۆ کوێ دەگرێتەوە تا ئێستا جێگەی هەڵوێستە لەسەرکردن و مشتومڕە، چونکە بەڵگەکان جیاوازن، هەم لەڕوی کلتورییەوە، هەمیش زمانەوانی و شوێنەوار ناسیشەوە، ناوچەی ستێپس لە باکور و خۆرئاوای دەریای خەزەر بە یەکێک لەو ناوچانە دادەنرێت، کە دەکرێت نیشتیمانی ڕەسەنی هیندۆئەوروپییەکان بێت، هەروەها باکوری دەریای ڕەش بە هەمانشێوە (Anthony, 2007, 85)، ئەم بیرۆکەیە زیاتر لەلایەن (ماریجا گیمبوتاس[٢٠])ەوە پشتگیری لێکرا (Gimbutas, 1997, 304)، کە نیشتیمانی ڕەسەنی هیندۆئەوروپییەکان دەکەوێتە ناوچەی ستێپسی باشوری ڕوسیا و باکوری دەریای ڕەش ودەریای خەزەر، بەتایبەت لەنێوان ڕوبارەکانی دێنیپەر و ڤۆڵگا (شیرەجینی، بقیە.، ١٣٩٦، ١٧١)بەڵگەکان سەبارەت بەم ناوچەیە پشتدەبەستن بە

دۆزینەوەی شوێنەوارێکی نیشتەجێبونی سەرەتایی لەم ناوچەیەدا کە بە کلتوری (کورگان[٢١])دەناسرێت (Mallory & Adams, 1997, 297)، بەڵام بەر لەوەی کە باس لە کلتوری کورگان بکەین دەبێت لە پێشتردا دو کلتوری لەپێشینە لەم ناوچەیەدا ئاماژە پێبدەین کە ئەوانیش:

**کلتوری (Srednij Stoge)سرێدنی ستۆگ** بە باپیرەی کلتوری یامنایا دادەنرێت لە ڕۆژئاوایدا، بۆیە دەگونجێت کە فۆرمێکی سەرەتایی هیندۆئەوروپی بێت، ئەم کلتورە لە ماوەی نێوان (٤٥٠٠-٣٥٠٠پ.ز) لەنێوان ڕوباری دێنیپەر و دان لە ناوچەی ستێپسی ئۆکرانیا بە باشی بڵاوبۆتەوەو ناسراوە، ئەوانە ئەسپیان ناسیوە بە هەمان شێوە پێستی ئەسپیان بەکارهێناوە، بژێوی و ئابوریان لەسەر بەخێوکردنی ئاژەڵ و ماسی گرتن و مەڕو بەراز و ئەسپ بوە، هەروها کەرەستەی مسیبان بەکارهێناوە، بۆیە دەگونجێت لە ڕوی شوێنەوارناسییەوە ئەمانە بە هیندۆئەوروپی سەرەتایی ناوببەین (شیرەجینی ودیگران، ١٣٩٦، ١٧١-١٧٢).

**کلتوری یامنایا(Yamnaya)** بە یەکێک لە کلتورە هیندۆئەوروپییە سەرەتاییەکان دادەنرێت کە بەپێی پشکنینەکانی ڕادیۆکاربۆن مێژوەکەی لە نێوان (٣٦٠٠-٢٢٠٠پ.ز) دیاریکراوە، لە ناوچەکانی دەریای خەزەردا، کە دانیشتوانی ئەم کلتورە کەرەستەی مسیان بەکارهێناوە بە هەمانشێوە مردوەکانیان لە گۆڕی شێوە چاڵدا ناشتوە و بە خۆڵ دایان پۆشیون (Mallory, 1989, 210-211)، سەرەڕای ئەم دو فەرهەنگە کە ئێمە وەک سەرەتا و میراتێک بۆ کلتوری کورگان سەیریان دەکەین، کۆمەڵێک شوێنەواری ترمان هەیە کە لە سنوری باکوری دەریای خەزەر و دەریای ڕەشدان وەک کلتوری هیندۆئەوروپی سەرەتایی دادەنرێت، بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی کلتورە سەرەتاییەکانی هیندۆئەوروپی بڕوانە (Mallory, 1989, 188-215).

نەریت یاخود کلتوری کورگان نەریتێکی هیندۆئەوروپی سەرەتاییە، زاراوەیەکی شوێنەوارییە، بۆ ئەو شوانکارە نیمچە کۆچەریانە بەکارهاتوە کە لەناوچە ستێپسەکانەوە هاتون و لە ڕوی کرۆنۆلۆژییەوە ئەم زاراوەیە ماوەی دو هەزار ساڵ دەگرێتەخۆی (Gimbutas, 1997, 304) ئەوانیش کورگانی یەکەم لە (٤٤٠٠-٤٣٠٠پ.ز)، لە ناوچە ستێپسەکانی ڤۆلگادا پەرەی سەند، بە ناوچە ستێپسەکانی دەریای خەزەردا بڵاوبویەوەو هەروەها بە کەنارەکانی دەریای ڕەشدا بۆ خوارەوە تاکو گەیشتە ناو حەوزی ڕوباری دانوب، کورگانی دوەم لە (٣٥٠٠پ.ز) لە ناوچەی باکوری خەزەرەوە بەرەو ئەوروپا فراوان بوە، هەرچی کورگانی سێیەمە (٣٠٠٠-٢٨٠٠پ.ز) لە ناوچەی ستێپسی ڤۆلگاوە کۆچیانکردوە (Mykyta & Mykola, 2022, 108)، ئەم کلتورە پانتاییەکی فراوان داگیردەکات، بنەمای ئابورییەکەی شوانکارەییە، بەڵام کشتوکاڵی سەرەتایش تا ڕادەیەک یارمەتیدەر بوە لە بنەمای بژێوییەکەیدا، کۆمەڵگایەکی پیاوسالاری پلەبەندە (Gimbutas, 1997, 304)زۆرترین ئاماژەش بە (ئەسپ، گالیسکەی تایە دار)ی ناوخۆیی، شوێنەواری نیشتەجێبونەکان لەم ناوچەیەدا کەم بەدیدەکرێن، زۆربەی شوێنەوارەکان لەڕێگەی گۆڕەکانەوە ناسراون و دۆزراونەتەوە کە پاشماوەکانیش بریتین لە (چەک و ئێسقانی ئاژەڵ)، بەتایبەت (مەڕ، ئەسپ) بەو پێیەش کۆمەڵگەی نەریتی کورگان کۆمەڵگایەکی شوانکارەی شەڕانگێزە، ئەمەش بەبەڵگەی کەمی نیشتەجێبون لەم ناوچەیەدا، بە بۆچونی مالۆری ئەم کەسانە لە ناوچەی ستێپسی خۆرهەڵاتەوە سەرچاوەیانگرتوە و لە ناوچەی (ڤۆلگا- ئۆراڵ)ەوە بەرەو ڕۆژئاوا پاڵیان ناوە تا لەدواتردا گۆڕانکارییەکی گەورەیانکردە سەر ڕۆژهەڵات و ناوەڕاستی ئەوروپا، هەروەها لەڕێگەی قەفقاسەوە بەورەو باشور فراوانبون بۆ داگیرکردنی وڵاتی دو ڕوبار، هەندێکیتریان پاڵیاندا بەرەو هیندستان، بەشێکیتریان مانەوە و فشاریان خستە سەر ڕۆژهەڵات و لەوێوە چونە ئاسیای ناوەڕاست (Mallory, 1989, 183).

سەرەڕای بونی هەمو ئەم بەڵگانە بەڵام بیرۆکەی کورگان و باشوری ڕوسیاش بەدەرنییە لە ڕەخنەلێگرتن و ڕەتکردنەوە، یەکێک لەوانە کۆلین ڕینفۆریویە کە پێیوایە ئەو شوێنەوارناس و زمانناسانەی کە پشتگیری لەم بۆچونە دەکەن

بەڵگەکانیان لەگەڵ شێوازی کلتوری کورگاندا گونجاندوە، بەڵام ئەو دژیەتی چونکە، شوێنەوار باوەڕ پێکراو نییە، ئەمڕۆ زۆرێک لە شوێنەوارناسان گۆڕەکانی (کۆرد وێر[٢٢]) بە دیاردەیەکی ناوخۆیی دەزانن، سەرەڕای ئەوەی کە گۆڕی خانەدانەکان کەلوپەلی بە نرخیان لەگەڵدا نێژراون، لەلایەکیترەوە بەڵگەکان دەربارەی هەندێک وشە کە بە وشەی ڕەسەنی کورگان دانراون لە دواتردا گۆڕانکاریان بەسەردا هاتوە، مەرجیش نییە تایبەت بوبێتن بە ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراوەوە (Renfrew, 1989, 109) هەروەها لە گریمانەی کورگاندا سەبارەت بە بڵاوبونەوەی زمانی هیندۆئەوروپی بە ناوچەکاندا ئاماژە بەکەمینەیەکی دەسەڵاتداری ئەسپسوار دەکرێت، کە ناوچەکانیان داگیرکردوە و زمانی خۆیان بەسەر دانیشتوانی ڕەسەنی ئەم ناوچانەدا سەپاندوە، بەڵام لەگەڵ ڕاستیدا ناکۆکە، چونکە کەمینە ناتوانێت زمانی خۆی بەسەر زۆرینەدا بسەپێنێت (Axel, 2012, 372)، یەکێکیتر لەو بەڵگانەی کە ناوچەی ستیپسی باشوری ڕوسیا ڕەتدەکاتەوە زمانەوانییە، کە ناوی هەندێ ئاژەڵ لە هیندۆئەوروپیدا هەن، بەڵام ئەم ئاژەڵانە ناتوانن لە ناوچەی ستیپسدا بژین لەوانە ورچ کە ئاژەڵێکە لە دارستاندا دەژیت، بە هەمانشێوە بەرازی کێوی، بەوپێیەشی کە هەرگیز دارستانێک لەم ناوچەیەدا بونی نەبوە دەکرێت بخرێتە ژێر گومان و پرسیارەوە (Hirt, 1905, 187-188)

هەمو ئەو گریمانانەی کە لەپێشودا ئاماژەیان پێدرا، دەکرێت بە ڕاست دابنرێن لەهەمانکاتدا دەکرێت ڕەتیش بکرێنەوە، ئەمەش بە هۆی ئەوەی کە تاوەکو ئێستا گریمانەن و نەبون بە ڕاستی، ئەمەش بەهۆی ئەوەوەیە کە چارەسەرەکان زۆرن و هەمە لایەنەن، بەڵام بە هەڵسەنگاندنی هەمو بەڵگە و بۆچونەکان دەگونجێت نیشتیمانی ڕەسەنی هیندۆئەوروپییەکان لە یەکیک لەم ناوچانەدا دیاری بکەین کە تێیدا بڵاوبونەتەوە، ئەوەش بە پشتبەستن بەوەی هەم بەڵگەکانی شوێنەواری هەمیش زمانەوانی لێکچونیکی زۆر بەدیدەکرێت، بۆیە نێوان ئاسیای ناوەڕست و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا دەگونجێت ئەو ناوەندە بێت کە لە سەرەتادا لێی ژیاون، ئەوەش بە بەڵگەی ئەوەی بە هەمو ناوچەکانی ئاسیا و ئەوروپادا بڵاوبونەتەوە، دەبێت لەم ناوەڕاستەدا بوبن تاوەکو بتوانن بە هەمو لایەکادا بڵاوببنەوە، لە لایەکی تریشەوە ڕێگا کۆچەکانی ئەم ناوچەیە لە هەموی ئاسانتر وگونجاوتر بون، بۆیە دەکرێت پشتینەی هەرێمی گیای ستێپس لە ئەوروپاوە تا ئاسیا لەبەرچاو بگرین بۆ نیشتیمانی ڕەسەن، بەتایبەت کەنارەکانی باکوری دەریای ڕەش و خۆرهەڵات و خۆرئاوای باکوری دەریای خەزەر، کەواتە لێرەدا ناتوانین ناوچەیەکی جوگرافی بچوک دیاری بکەین، بەڵ بەهۆی نەبونی بەڵگەی تەواوەوە، ڕەنگە لێکۆڵینەوە شوێنەواری و توێژینەوەکانی داهاتو بگەنە ئەنجامێکی ورد تر و ڕونتر سەبارەت بە زێدی ڕەسەنی گەلانی هیندۆئەوروپی.

**ئەنجام**

لەکۆتایی توێژینەوەکەماندا گەیشتین بەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:

1. هیندۆئەوروپی خێزانێکی گەورەی زمانەوانییە، کە پانتاییەکی بەرفراوان لە جیهانی کۆن و نوێدا داگیردەکات، بەهەمانشێوە کاریگەری زمانەوانی و کلتوری شارستانی خۆیان سەپاندوە بەسەر ئەم ناوچانەی کە تێیدا بڵاوبونەتەوە، هەر ئەم بڵاوبونەوەیەشیان وایکردوە کە بەچەندین ناوی جیاوازەوە ناونراون.

2.توێژینەوە لەهیندۆئەوروپییەکان بابەتێکی گرنگە، هەرئەوەش وایکردوە لە مێژوییەکی زوەوە هەوڵ بۆ ئەم کارە بدرێت بەجۆرێک کە هەر لایەنی زمانەوانی ناگرێتەوە بەڵکو شوێنەوارناس و زمانناسەکانیش چەندان توێژینەوەیان دەربارەی ئەم هۆز و گەلانە ئەنجامداوە.

3. دەرکەوتن و بڵاوبونەوەیان بەتەواوی خاکی ئۆراسیادا و گەیشتنیان بە ناوەندە شارستانییە ئاوەدانەکان ئەوەدەسەلمێنێت کە کۆچ و ڕەوی گەلانی هیندۆئەوروپی بە یەکێک لە گەورەترین و کاریگەرترین کۆچەکانی مێژوی مرۆڤایەتی دادەنێن، هەروەها ئەوە ڕوندەکاتەوە کە کۆچێکی درێژخایەنی زیاتر لە دوهەزار ساڵە، بەرێکۆچی جیاواز و کاتی جیاوازدا.

4. بەڵگەکانی شوێنەوارناسی و زمانەوانیش ئەوە دەردەخەن کە گەلانی هیندۆئەوروپی لەسەرەتادا شوانکارە و گەڕۆک بون و ئەوەش دەکرێت یەکێک بێت لەو هۆکارانەی کە بوەتە هۆی بڵاوبونەوەیان بە ناوچەکاندا، بەتایبەت ناوەندە ئاوەدانەکانی جیهانی کۆن.

5. پرسی نیشتیمانی ڕەسەنی هیندۆئەوروپی پرسێکی تەواو ئاڵۆزە و ناتوانرێت بەشێوەیەک ڕەها دیاری بکرێت کە نیشتیمانی ڕەسەنی ئەم گەل و هۆزانە لەکام سوچێکی ئەم جیهانەوە سەرچاوەی گرتوە، ئەمەش بەهۆی نەبونی نوسینی هیندۆئەوروپی سەرەتایی، هەروەها ئەو لێکچونانەی کە لەنێوان بەڵگە شوێنەوارییەکان هەیە لە هەریەکێک لەوناوچانەی کە دیاریکراون وەک نیشتیمانی ڕەسەن.

6.ئەم هەمو ناوچە زۆرەی کە دیاری کراوە وەک نیشتیمانی ڕەسەنی هیندۆئەوروپی تا ئێستا وەک گریمانەیەک ماونەتەوە و نەتوانراوە هیچ کامێکیان بە تەواوی یەکلابکرێتەوە، هەروەها گرفتێکی تری ئەم ناوچە دیاریکراوانە هەمویان لەسەر بنەمایەکی زانستی و دروست بونیاد نەنراون، بەڵکو لەسەر بنەمای نەتەوەیی و لێکچونی زمانەوانی هەروەها ڕەگەزپەرستیش بەسەریاندا زاڵە.

7. کلتورە کۆنەکانی وەک کورگان و یامنایا، لەڕوی شوێنەوارییەوە وەک فۆرمێکی سەرەتایی هیندۆئەوروپی هەژماردەکیێن، بەڵام ئەوانیش تەواو سەلمێنراو نین، چونکە لێکچون لەنێوان شوێنەواردا زۆر بەدیدەکرێت، ئەمەش وادەکات کە بەتەواوی نەزانرێت کە کامیان وەرگیراوە و کامیشیان هی ڕەسەنی ناوچەکەیە، ئەمە لەکاتێکدا کە ژیری مرۆڤ بەشێوەیەکی ئاسۆیی گەشە دەکات دەکرێت کە شوێنەوارەکان بە خۆڕسک هی ئەم ناوچەیە بن و وەرگیراو نەبن.

8. یەکلاییکردنەوەی ئەم پرسە پێویستی بە توێژینەوەی زیاتر هەیە، کە ڕەنگە کنەو پشکنینە شوێنەوارییەکانی داهاتوی شوێنەوارناسان بتوانێت کە نیشتیمانێکی ڕەسەن وبنەڕەتی بۆ ئەم گەل و هۆزانە دیاری بکات.

## لیستی سەرچاوەکان


Anthony, David. W., (2007). *The Horse The Wheel And Language.* Printon: Princeton.

Axel, Kristinsson., (2012). Indo-European Sion Cycles. The Journal Of Indo-European Stuies, 30(3/4), pp. 365-433.

Carona, George., (1974-1975). Indo-Iranian Language. In: *The New Encyclopedia Britannica In 30 Voleumes, vol9.* Second Editior ed. W.D: s.n., p. 439.

Cklack, James., (2007). *Indo-European Linguistics: An Introduction.* Cambridge: Cambridge University Press.

Cowgill, Warren., 1974-1975. *Indo-European Languages,The New Encyclopedia Britannica in 30 Voluames, Vol9.* London: s.n.

Gamkrelidze, Thomas . V. & Ivanov, Vjaceslav. V., (1995). *Indo-European and the Indo-Europeans.* New York: Mouton de Gruyter.

Gimbutas, Marija., (1997). *The kurgan Culture And The Indo- Europeanizatinn Of Europe selected Articles from 1952-1993.* Washington: Journal of Indo-European Studies Mongraph No. 18 institute for the study of Man Washington D.C..

Hirt,Herman ., (1905). *Die Indogermanen Ihere Verbritung, Erster Band.* Strassburg: Verlag Von Karl J.Trubner.

Mallory, J., P(1989). *In Serch of the Indo-Europeans:Language, Archaeology and Myth.* London: Thaames AndHudson.
Mallory, J. p.& Adams, D. Q., (1997). *Encyclopedia Of Indo-European Culture.* London: Fitzroy Dearborn.
Mallory, J.P. & Adams, D. Q., (2006). *The Oxford Introduction to Proto- Indo-European and The proto- Indo-European World.* USA: Oxford University Press.
Mate, Capovic.,( 2017). *Indo-European Languages.* second ed. s.l.: Routledge Family Series.
muller, F. Max., (1888). *Biographies Of Words And The Home Of Aryas.* New York: s.n.
Mykyta, Lvanov. & Mykola, Tupciynko., (2022). Cultural Interactions Between The Societies Of The 'Old Europe' And the Steppe 'Kurgan people' During The Last Quarter Of The 4th Millennum BC: Case Study Of Serezlievka Local Group. *Archaeologia Lituana,* Volume 23, pp. 107-119.
P., Giles., (1922). *The Aryans, Cambridge history Of India.* New York: Macmillan.
Penka, Karl., (1883). *Origines Ariacae.* Wien: K.K.Hofbuchhandlung Karl Prochaska.
Potts, D.T., n.d. *A Companion to The Archaeology Of The Ancient Near East.* s.l.:Wily Black Well.
Quiyley, Carroll., (1979). *The Evolution Of Civilzations-an introduction to Historical Analysis.* s.l.:s.n.
Renan, Ernist., 1(864). *De L, Origine De Language.* Quatreme ed. paris: Michel Levy Freres.
Renfrew, Colin., (1989). The Origins of Indo-European Languages. *Scientific American,* 261(4), pp. 106-115..
Roux, Georges., (1992). *Ancient Iraq.* London: s.n.
Schleicher, August., (1861). *Compendium Der Vergleichenden Grammatic Der Indogermanischen Sprachen,I.* weimar: s.n.
Widney, Joseph. P., (1907). *Race Lafe Of The Aryan.* U.S.A: Funk-Wagnalls.
الكتاب المقدس
الاحمد، سامى .سعيد & .احمد, جمال .رشيد.، (١٩٨٨) .*تاريخ الشرق القديم* .بغداد: وزارة التعليم العالى و بحث العلمى (جامعة بغداد).
الاحمد، سامى .سعيد & .الهاشمى، رضا .جواد.، د.س .*تاريخ شرق الادنى القديم (ايران و الاناضول)* .بغداد:د.ط.
البروارى، هيڤى .صبرى .جميل.، (٢٠٠٨) .*الحروب الفرثية- الرومانية واثارها على كوردستان(٩٢ق.م-٢٢٦م)* .دهوك: رسالة ماجستير،كلية الاداب، جامعة دهوك.
العقيقى، نجيب., (٢٠٠٦) .*المستشريقون .ط٥* .القاهرة: دار المعارف.
المزورى، عماد .عبدالقادر .محمد .سعيد.، (٢٠٠٢) .*الكاشيون ١٥٩٥-١١٦٢ق.م (دراسة سياسية حضارية)* .اربيل: رسالة ماجستير غير منشورةتقدم الى مجلس كلية اداب فى جامعةصلادين.
الوردى، محمود .فارس .عثمان.، (٢٠١٥) .هجرات الهندو-اوروبيية (الارية) الى منطيقة غرب اسيا واثرها على بلاد رافيدين حتى سنة٦٣٧م .*مجلة جامعة تكريت للعلوم الانسانية*، ٢٢(١)، ص ص .١٦-٣٢.
برستد، جيمس .هنرى.، (٢٠١١) .*انتصار الحضارة تاريخ الشرق القديم* .قاهرة: مركز القومى للترجمة
جرنى، ا. ر.، (١٩٩٧). الحثيون. القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب. خليل عبدالرحمن، (٢٠٠٨). اڤيستا، ڤارگارد،١. دمشق: روافد للثقافة والفنون.
خوهام، . هيلد ا.، (٢٠٠٢). تاريخ الصين منذ ما قبل التاريخ حتى القرن العشرين. القاهرة: المجلس الاعلى للثقافة.
دباغ، تقى.،(١٩٨١).مقدمةفى العلم الاثار .د.م: منشورات دار الجاحظ.

دویلهوفر، ارنست.، (١٩٨٣). رموز ومعجزات دراسات فی الطرق والمناهج التی استخدمت لقراءة الکتابات واللغات القدیمة. لیبیا: الدار العربییةللموسوعات.
رضا، حلمی. رسول.، (٢٠٠٩). مملکة المیتانیة ١٥٥٠؟-١٣٦٥پ.ز دراسة (تاریخییه-سیاسیة). کویة: رسالة ماجستیر غیر منشورة تقدم الى مجلس کلیة علوم الاجتماعیة فی جامعة کویة.
ساکز، هاری.،(٢٠٠٩). قوة اشور. بغداد:مطبعة المجمع العلمی.
سلیم، احمد. امین.، (١٩٨٩). دراسات فی تاریخ الشرق الادنی القدیم. بیروت: دار النهضة العربیة.
عبدالرحمن، خلیل.، (٢٠٠٨) .اڤیستا، ڤارگارد،١. دمشق : روافد للثقافة والفنون.
عزیز،مکی محمد،(1986).اسیا الموسمیه دراسه الخغرافیه، الکویت: ذات السلاسل الطباعه والنشر.
فخری، احمد.، (١٩٥٨). دراسات فی تاریخ الشرق القدیم. القاهرة: د.ط.
کول، سونیا. د.س. ثورةالعصر الحجری الحدیث، طبعة الثالثة. بغداد: مطبعة جامعة البغداد.
ایزدی، س.،( ١٣٨٦). نگشتههایی تاریخی (از دوران باستان تا انقلاب مشروطیت). چاپ اول. تهران: چاپ رهنما.
پیرنیا، ح.، (١٣٨٣). تاریخ ایران قبل ازاسلام، تاریخ ایران. چاپ سوم .تهران: نشر نامک.
چایلد، ویرگوردون.، (١٣٩٠) *.آریایی ها پژوهشی در ریشههای هندو- اوروپایی* .چاپ سوم .تهران: مؤسسه انتشارات نگاه.
رحمان، ا .ع.، (٢٠١٩) *.نگاهی بەتاریخ و تمدن-آریایی* .چاپ اول .لندن: نشر مهری.
رضائی، عبدالمعظم.، (١٣٨١) *.تاریخ دەهزار ساله ایران* .تهران: چاپ و انتشارات اقبال.
شیرەجینی، بهمن .فیروزمندی.، طاهری، محمد .حسن & .رفیعی، نغمة.، (١٣٩٦) .هندو اوروپاییان، هندو ارانیان خاستگاه ومهاجرات با تکیه بر مطالعات باستان شناسی *.مجلەمطالعات ایرانی،* شماره ٣١ ,ص ص .١٦٧-١٨٤.
صفا، مینا.، (١٣٩٠) .اقوام هندو ارانیان در سرزمین ایرانویج، جستارهای تاریخی *.پژوهشگاه علوم انسانی و مطلعات فرهنگی،*شماره ١، ص ص .١٥٧-١٧٦.
کاشانی، منوچهر. آریان. پور, (١٣٨٤). فرهنگ ریشەهای هندو اوروپایی زبان فارسی. اول پێداچونکار تهران: جهاد دانشگاهی واحد اصفهان.
نیا، مسعود. رجب.، (١٣٥٣). سه گفتار درباره آریائیان..:چاپخانه کاویان.
بەهزادی، ڕوقیە.، (٢٠١١). ئاریایی و نا ئارییەکان لەڕوانگەی کۆنی مێژودا. هەولێر: دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی.
حسن, سەمیر. حسین.، (٢٠٢٢). ڕۆڵی سیاسی و شارستانی سکیسییەکان لە ڕۆژهەڵاتی نزیکی کۆن لە هەزارەی یەکەمی پ.ز. سلێمانی: نامەی ماستەر بڵاونەکراوە، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.
خدر، سەردار. احمد.، (٢٠١٧). شارستانییەتی هەخامەنشییەکان لە سەردەمی داریوشی یەکەم(٥٢٢-٤٨٦پ.ز). ڕانیە: نامەی ماستەر بڵاونەکراوە، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان زانکۆی ڕاپەڕین.
ڤیلهیلم, گێرنۆت.،٢٠٠٩ *.شارستانییەت و مێژوی خورییەکان* .دهۆک: دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی.
گیرشمەن،ڕۆمەن.،(٢٠١٣) *.مێژوی ئێران لەسەرەتاوە هەتا هاتنی ئیسلام* .تاران: بنکەی ژین.
مشیری، رحیم.،(٢٠١٢) *.جوگرافیای کیشوەرەکان ئاسیاو ئەوروپا (ئۆراسیا)* .هەولێر: دەزگای چاپ و پەخشی نارین.
میخایلۆفیچ، دیاکۆنۆف. ئیگەر.،(٢٠٢١) *.مێژوی میدیا* .سلێمانی :دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عرفان.

## پەراوێزەکان

[1]. **کاروم (karum)** وشەیەکە بە زمانی ئەکەدی بە مانای ئەو بنکە نیشتەجێبونانە دێت کە لە باشوری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵدا بینیادنرابون، خودی وشەکەش واتای (بنکەی بازرگانی) دێت، بڕوانە: (ساکز، 1999 ,٥٢)

٢. **سێر ویلیام جۆنز** (١٧٤٦-١٧٩٤ز) یەکێکە لە دیارترین ڕۆژهەڵاتناسە بەریتانییەکان، دەرچوی زانکۆی ئۆکسفۆرد بوە، شارەزایی لە زمانەکانی (فارسی، سانسکریتی، چینی)دا هەبوە، لە ژیانیدا چەندین پلەو پۆستی گرنگی پێسپێردراوە، لەوانە دامەزراندنی کۆمەڵەی ئاسیا لە (کلکتا) لە هیندستان لە ساڵی (١٧٨٤ز) لە سەرەتای دامەزراندنیەوە تا ئەوکاتەی کۆچی دوایی کردوە، بڕوانە: (العقیقی،٢٠٠٦، ٤٧-٤٨).

٣. **تۆماس یۆنگ**(١٧٧٣- ١٨٢٩ز)، زانایەکی بەریتانیە، بەشدارییەکی بەرچاوی لە زۆر بواری وەک پزیشکی و زانستی سروشتیدا کردوە، جگە لە ڕۆڵ و هەوڵە سەرەتاییەکانی بۆ شێکردنەوەی دەقە هیرۆگلیفییەکان، بڕوانە: (دوبلهوفر،١٩٨٣، ٧٥-٨٠)

٤. **حورییەکان** بە یەکێک لە نەتەوە دێرینەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیکی کۆن دادەنرێن، هەرچەندە سەرەتای دەرکەوتنیان بەڕونی دیار نییە بەڵام کۆنترین ئاماژەکان بۆ سەردەمی دەوڵەتی ئەکەدی دەگەڕێنەوە، بەپێی بۆچەنەکان لە ناوچەی قەفقاس و دەریاچەی وانەوە هاتون، خاوەنی چەندین میرنشین بون لەناوچەکانی کەرکوک، زێی بچوک و ناوچەکانی تری کوردستان، لەناوەڕاستی هەزارەی دوەمی پ.زدا دوای هاتنی شەپۆلێکی هیندۆئەوروپی و تێکەڵبون لەگەڵیان دەوڵەتی میتانیان دامەزراند.بڕوانە: (ڤیلهیلم، ٢٠٠٩، ١٣-٥٠).

**٥.حسییەکان** یەکێکن لە لقەکانی هیندۆئەوروپی کە لە کۆتایی هەزارەی سێیەمی پ.ز لە ناوچەی ئەنادۆڵدا نیشتەجێبون، خاوەنی نەوسین و زمان و کلتوری تایبەت بەخۆیان بون توانیان بە سێ ماوە فەرمانڕەوایەتی ناوچەکانی ئەنادۆڵ بکەن کە خۆی دەبینییەوە لە شانشینی کۆن، ناوەڕاست و نوێ، پایتەختەکەیان (حاتوشا) بۆغازکۆی ئێستا بو کە ئەرشیفێکی گەورەی تێدا دۆزراوەتەوە، لە ساڵی (٧١٧پ.ز)دا کۆتایی بە دەسەڵاتی سیاسیان هات لەلایەن ئاشورییەکانەوە بڕوانە: (جرنی، ١٩٩٧، ٣٦-٦٩)

٦. **میتانییەکان(١٥٠٠-١٣٦٠)** لقێکن لە گەلانی هیندۆ ئەروپی کە لە ناوەڕاستی هەزارەی دوەمی پ.ز ڕویان لە ناوەندەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیککرد لەڕێگەی قەفقاس و دەریاچەی وانەوە، توانیان تێکەڵ بە حورییەکان بن و دوەڵەتێکی گەورە دابمەزرێنن کە سنورەکەی گەیشت بە دەریای سپی ناوەڕاست. بڕوانە: (رضا، ٢٠٠٩، ٦١-٧٥)

**٧. کاشییەکان** یەکێکن لە نەتەوە دێرینەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیکی کۆن، مێژونوسان دەربارەی ڕەگەزیان بۆچونی جیاوازیانهەیە بەڵام بە گشتی بە یەکێک لە نەتەوە هیندۆئەوروپییەکان دادەنرێن، کە ڕۆڵی ەرچاویان گێڕاوە لە ڕوداوەکانی ناوچەکەدا لە ماوەی هەزارەی دوەمی پ.زدا کە توانیان دەست بەسەر وڵاتی بابلدا بگرن و بۆ ماوەی چوارسەدە فەرمانڕەوای وڵاتی دوروبار بکەن، کە ماوەی حوکمڕانیان بە ماوەی ئاشتی و سەقامگیری ناسراوە. بڕوانە: (المزوری، ٢٠٠٢، ١٣-١٩)

٨. **(گەلی دەفر=Beaker Folk)،** بە هۆی ئەو دەفرە زەنگوڵە دارە گەورانەی کە بەکاریان دەهێنا بۆ پێشکەشکردنی شەراب ناویان نراوە، پێدەچێت ڕەسەنیان ئیسپانیا بوبێت . بڕوانە: (Roux, 1992, 227).

٩. **هیکسۆسەکان** کۆمەڵێکی چەکداربون کە لە نزیکی ساڵی١٧٢٥پ.ز هێرشیانکردە سەر میسر و داگیریانکرد، سەبارەت بە ڕەگەزیان بۆچونی جۆراوجۆر هەیە بەڵام بە یەکێک لە هۆزەکانی هیندۆئەوروپی دادەنرێن، توانیان بۆ ماوەی نزیک بە دو سەدە فەرمانڕەوایی میسر بکەن لەگەڵ خۆیاندا ئەسپ و گالیسکە و ئاسن و چەکی کانزاییان بە میسر ناساند بەڵام سەرەنجام میسرییەکان توانیان لە وڵاتەکەیان دەریان بکەن و زۆربەی شوێنەوارەکانیشیان لەناو ببەن. (سلیم، ١٩٨٩، ١٢٩-١٣٨).

١٠. **میدییەکان** کۆمەڵە هۆزێکی هیندۆئەوروپی بون سەرەتای دەرکەوتنیان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆیەمی پ.ز کە لە دەقە ئاشورییەکاندا ناویان بە (Amadai) هاتوە یاخود (Mada) کە بە واتای خاک، وڵات دێت، ئەوانە لە باشوری ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی واندا نیشتەجێبون، لە ساڵی ٦٧٢پ.ز لەسەردەستی کەسایەتییەکیان بەناوی دەیۆک(دیاکۆ) هۆزەکان یەکیانگرت و دەوڵەتی میدیا دامەزرا تا ساڵی ٥٥٠ پ.ز بەردەوامبو. بڕوانە: (میخایلۆفیچ، ٢٠٢١، ٣٧-٥٥٨).

١١. **هۆزەکانی فارس** کە سەربە لقی خۆرهەڵاتی ئەوروپی بون توانیان دەوڵەتێکی گەورە بە ناوی هەخامەنیشییەکان، یاخود ئەخمینییەکان، ناوەکەیان لە سەرکردەکەیانەوە کە (ئەخمینس) بوە وەرگیراوە،بە ڕەچەڵەک دەگەڕێنەوە سەر هیندۆئەوروپیەکان، لە هۆزە فارسەکانن و بە تەواوەتی نازانرێت کەی ڕویان لە بانی ئێران کردوە، بەڵام لە ساڵی (٥٥٠پ.ز) توانیان دەوڵەتی ماد بڕوخێنن لە سەردەستی یەکێک لە سەرکردەکانیان بە ناوی (٥٥٠-٥٣٠پ.زCyrus ) واتە کۆرشی گەورە، دوڵەتی ئەخمینی دابمەزرێنێت. تا ساڵی ٣٣٠ پ.ز لەسەر دەستی ئەسکەندەری مەقدۆنی کۆتایی بە دەوڵەتەکە هات. بڕوانە: (خدر،٢٠١٧، ٢٣-٢٨)

١٢. **سکێسییەکان** یەکێکی ترن لە گەلانی هیندۆئەوروپی یاخود ئاری نەژاد کە نیشتیمانی ڕەسەنیان باشوری ڕوسیا و باکوری دەریای ڕەشە، دواتر لەڕێگەی قەفقاسەوە بەرەو ناوچەکانی ئێران و ئاسیای بچوک کۆچیانکرد، تکەڵ بە خەڵکی میدی بون، وڵاتی ماننایان داگیرکرد. بڕوانە: (حسن، ٢٠٢٢، ٨-٢٢).

١٣. **ئەشکانی**، ئەرشاکی یان فورسی ئەمانە بە ڕەچەڵەک دەگەڕێنەوە سەر هیندۆ ئەورۆپییەکان، سەربە هۆزی (parni)ین کە کۆی ئەم هۆزانە دەگەڕێنەوە سەر کۆمەڵە هۆزی سکێسی، نیشتیمانی ڕەسەنیان دەشتەکانی نێوان دەریای قەزوین و دەریای ئۆراڵ بوە، لەنێوان ساڵانی (٢٤٧پ.ز- ٢٢٦ز) توانیان دەوڵەتێکی بەهێزی لامەرکەزی لە هەرێمی فارسدا دابمەزرێنن و سنورێکی بەرفراوانی داگیرکرد. بڕوانە: (البرواری، ٢٠٠٨، ١٨-٢٥)

١٤. **ستێپس(steppes)**: هەرێمێکی ئاو و هەواییە کە ڕوپۆشێکی ڕوەکی تەنکی هەیە و بە هەرێمی کورتەگیاش دەناسرێت، سروشتێکی لەباریان هەیە بۆ ئاژەڵداری و مانەوەیان وابەستەیە بە ڕێژەی باران بارین، ئەم هەرێمە دەکەوێتە ئۆراسیاوە، لە هەردو بەشی ئاسیا و ئەوروپادا، لە ئاسیادا دەکەونە بەشی باکوری ئاسیا و لە دارستانە قوچەکیەکانەوە دەستپێدەکات کە زیاتر دەکەونە دامێنەکانی بانی مەنگۆلیا، هەروەها لە ئەوروپا لە بانی ئیسپانیاوە دەستپێدەکات تا دەگاتە دشتەکانی هنگری و ڕۆمانی و باشوری ڕوسیا . بڕوانە: (مشیری،٢٠١٢، ٤٤-٢٤١).

١٥.**بانی پامیر** یەکێکە لە نانە گرنگ و گەورەکان کە دەکەوێتە ئاسیای ناوەڕاستەوە لە زنجیرەیەک چیای ئاڵۆز و ناڕێک، دەکەوێتە نێوان زنجیرە چیاکانی قەفقاس لە باکور و زنجیرە چیاکانی ئەلبورزو خورسان و هیند کۆش درێژ دەبنەوە، لە باشورەوە زنجیرە چیاکانی زاگرۆس و فارس و مەکران هەیە، ئەم بانە زۆرجار بە سەربانی جیهان دەناسرێت بەرزییەکەی زیاتر لە (٤٣٠٠م)ە، (عزیز،١٩٨٦، ٢٢).

١٦. **هۆنەکان** کۆمەڵێک هۆزی کۆچەری بون کە بە زمانی چینی پێیان دەگوترێت (هیونگ نو)یان (هۆنەکان)، لە ناوچەی ستێپسدا دەژیان، دەسەڵات و قەڵەمڕەویان لە مەنشوریای ڕۆژئاواوە بە مەنگۆلیادا درێژ دەبویەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی دور تا دەگەیشتە چیاکانی (بامیر)، بڕوانە: (خوهام، ٢٠٠٢، ٨٨-٩٥)

١٧. **حاتییەکان** گەلێک بون لە ناوچەکانی ئەنادۆڵدا نیشتەجێبون، بەر لە هاتنی حسییەکان، سەرەتای هاتنیان بۆ ناوچەکە نازانرێت، گەلێکی خاوەن شارستانییەت و زمانی خۆیان بون ناوی وڵاتەکەش بە ناوی خۆیانەوە ناونراوە، بڕوانە: (الاحمد & الهاشمی،د.س، ٢٢٧-٢٢٨).

١٨. **چاخی بەردینی کۆن** بە سەرەتای دەستپێکی چاخی بەردین دادەنرێت،لە کە دابەشدەبێتە سەر سێ ئاست چاخی بەردینی کۆنی خوارو، چاخی بەردینی کۆنی ناوەڕاست، چاخی بەردینی کۆنی سەرو، چاخی بەردینی کۆن تایبەتمەندە بەوەی کە ئامراز و ئامێرەکانی سادە و ساکارن و کەمترین گۆڕانکاریان تێدا کراوە، خۆراکیان گۆشتی ئاژەڵ و بەری دار و ڕوەکەکان بوە کە ئەم چاخە بە چاخی کۆکردنەوەی خۆراکیش ناودەبرێت، مێژوی (٥٠٠٠٠-١١٠٠٠) ساڵ بەر لە ئێستای تۆمارکردوە (دباغ, ١٩٨١، ٣٠-٣٤).

١٩. **چاخی بەردینی نوێ** بەقۆناغی وەرچەرخان و شۆڕش دادەنرێت لە مێژوی مرۆڤایەتیدا، بەوەی مرۆڤ لە قۆناغی ڕاوکردن و کۆکردنەوەی خۆراک و کۆچەریەوە چوە قۆناغی نیشتەجێبونی هەمیشەیی، ماڵیکردنی ئاژەڵ،دۆزینوەی کشتوکاڵ لە سیما دیارەکانی ئەم سەردەمەن، سەرهەڵدانی کۆمەڵگەی گوند نشینیش لەپاڵیدا (کول، بێ بەروار، ٥)

٢٠. **ماریجا گیمبوتاس** شوێنەوار ناسێکی لیتوانییە، کە توێژینەوەکانی دەربارەی هیندۆئەوروپین، لە ساڵی ١٩٧٠ دا لە کتێبی هیندۆئەوروپی و هیندۆئەوروپی و هیندۆئەوروپی دا گریمانەی باشوری ڕوسیای وەک نیشتیمانی ڕەسەنی هیندۆئەوروپی پشتگیری لێکرد، بەتایبەت کلتوری کورگان. بڕوانە: (Cowgill, 1974-1975, 436)

**٢١.کورگان** وشەیەکی ڕوسییە و بە مانای تەپۆلکەی ناشن دێت، ئەو گۆڕانەن کە ئێسکە پەیکەرە بچوککراوەکانیان تێدایە بە ڕوپۆشێکی ڕەش داپۆشراون و گۆڕەکانی ژێر ئەم تەپۆلکانە زۆربەیان لە دار دروستکراون، کە لەناوچەکانی ستێپسی باشوری ڕوسیادا دۆزرانەوە و بە کلتوری کورگان ناسراون، لە هەمان کاتدا بە سەرچاوەی شوێن و گەلی هیندۆئەوروپی سەرەتایی دادەنرێت. (Axel, 2012, 369).

**٢٢. (Corded Ware)کۆرد وێر** بە یەکێک لە کلتورەکانی هیندۆئەوروپی سەرەتایی دادەنرێت، کە دەکەوێتە ناوەڕاست و باکوری ئەوروپا، لە سیما دیارەکانی ئەم کلتورە بریتییە لە گۆڕە تاکە کەسییەکان و گۆڕە تەختەکان و چەماوەکانن، لەگەڵ بونی کەلوپەلی جەنگی بەردین و گڵینە لەناو گۆڕەکانیاندا (Mallory, 1989, 243-246).